خەبات

ماسك بەستن
XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6013) سێشەممە 29ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا لە هەولێرە

بڕیارە ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت کۆببێتەوە



دوێنێ وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا، لۆرێنزۆ گوێرینی گەیشتە هەولێر و لەلایەن وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لێکرا.

لۆرێنزۆ گوێرینی بە فڕۆکەیەکی سەربازیی گەیشتە هەولێر و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، شۆڕش ئیسماعیل و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، فەوزی هەریری و سوپاسالاری پێشمەرگە، جەمال ئیمینکی پێشوازی لێکرا.

لۆرێنزۆ گوێرینی شەوی ڕابردوو لە هەولێر مایەوە و ئەمڕۆ سێشەممە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی کۆدەبێتەوە.

وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا لە میانی سەردانەکەی بۆ هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان باسی دواییەن پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و ئابووری ناوچەکە دەکات.

جێگەی ئاماژەیە لۆرێنزۆ گوێرینی دوێنێ بە سەردانێک گەیشتە بەغدا و لە میانەیدا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکوومەتی عێراق لەسەرووییانەوە سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی کۆبوونەوە.



سەری خۆیانی خوارد و بارزانی سەلامەت دەرچوو

هەوڵ و پیلانی تیرۆرکردنی (مستەفا بارزانی) لەلایەن دوژمنانەوە

دوژمنانی گەلی کورد هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینە یەك لەدوایەکە کانیان داوە، هیچ کات دڕێخییان نەکردووە و بە تووندترین شێوە و بە دڕندانەترین ڕێگە بەرەنگاری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بوونەتەوە و هەوڵی پیلانگێڕی و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کوردیان داوە، بەتایبەت هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی، چونکە بارزانی وەك کارێزمایەك و سیمبولێکی مەزنی ئەو شۆڕشانە دەرکەوتووە، هەربۆیە دوژمنان بەردەوام پیلانیان لەدژی خۆی و نەوەکانی داڕشتووە، بەڵام هەموو ئەو پیلانانە شکستیان خواردووە و (بارزانی) ش بەسەلامەتی لێی دەرباز بووە، هیچ کاتێکیش پەنای نەبردووەتە بەر تۆڵەکردنەوە لەو کارە تیرۆرستییانەدا و بڕوای بەوە نەبووە هەڵە بەهەڵە چارەسەر بکرێت.

(لەصیارەیەوە ڕاپۆرتێك لەل8 و 9 بخوێنەوە)

د.مەحمود عوسمان:

یەکەمجارە ئەمەریکا هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا دەکات



سیاسەتوان د.مەحمود عوسمان، سەبارەت بە هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، ئاماژە بەوە دەدات ئەوە یەکەمجارە بەهۆی لێدانەوە ئەمەریکا هەڕەشەیەکی وا بکات، ئاماژە بەوەش دەدات، ئەمینترین خەڵك و شوێن بۆ ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد و هەرێمی کوردستانە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)


حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەخاتەڕوو

هێمن هەورامی: هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەی نێوان حکوومەت و پەرلەمان ئەنجامدەدرێت

دوێنێ دووشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کۆبوونەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان چەند خاڵێك لەخۆ دەگرێت، یەکێك لەو خاڵانە خستەڕووی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازییە لە مووچە و دەرماڵەکان. هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا هێمن هەورامی گوتی: نووسراوی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆکی حکوومەت بەپێی مادەی ٦٦ لە برگەی دووەم، داوای کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

جوان ڕۆژبەیانی: ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یەکێك بوو لە خاڵەکانی کارنامەی حکوومەتی هەرێم




جوان ڕۆژبەیانی سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دۆخی ناوچە کوردستانییەکان باش نییە و عەرەبە هاوردەکان دەیانەوێت دووبارە ئەو ناوچانە تەعریب بکەنەوەو دەست بەسەر مواڵك و ماڵی کوردەکان دابگرن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

وەزارەتی دارایی عێراق:

کێشەی سیولەمان هەیە و لە هەوڵی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکوومەتین



وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆیان بە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

4

ئەمەریکا و UN داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی پێکدادانەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکەن



وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بانگهێشتی دەستبەجێی کۆتایهێنان بە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیای لە ناوچەی قەرەباغ کرد. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرهەڵدانی جوڵەی سەربازیی لە ناوچەی قەرەباغ و گیانلەدەستدانی خەڵکی سڤیل جێگەی نیگەرانییە.



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هونەرمەند عەبباس ژاژڵەیی دەکات

دوێنێ دووشەممە ٢٨/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە دوو پەیوەندیی جیای تەلەفۆنیدا ، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هونەرمەندی کۆچکردوو عەبباس ژاژڵەیی و کۆیستان محەمەد وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراو عەبباس ژاژڵەیی، کە دەکاتە مامی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی .

سەرۆکی حکومەت هاوخەمی خۆی بە بنەماڵەی هونەرمەند عەبباس ژاژڵەیی ڕاگەیاند و هیوای خواست خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەیان ببەخشێت.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکاتەوە

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٨ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز ئایدن مەعرووف، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان کۆبوونەوە. لە کۆبونەوەکەدا دۆخی پێکهاتەکان بەتایبەتی پێکهاتەی تورکمان تاوتوێ کرا و تیشک خرایە سەر هاوبەشی و ڕۆڵ و بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردن و کایەکانی دیکەی ژیاندا لە هەرێمی کوردستان. لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە تورکمان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردستانن و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە بنیانتان و بەرەوپێشبردنی هەموو کایەکانی ژیاندا لە هەرێمی کوردستان هەیە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، پوختەیەکی دەربارەی دۆخی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان و کاروبار و پێداویستییەکانیان خستە ڕوو، هەروەها ئاماژەی بە خوێندنی تورکمانی و سریانی و چالاکییە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان کرد. بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستن و قووڵکردنەوەی کولتووری دەوڵەمەندی پێکهاتەکان، پوختەیەکی دەربارەی دۆخی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان و کاروبار و پێداویستییەکانیان خستە ڕوو، هەروەها ئاماژەی بە خوێندنی تورکمانی و سریانی و چالاکییە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان کرد. بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستن و قووڵکردنەوەی کولتووری دەوڵەمەندی پێکهاتەکان و یەکترقبووڵکردن و لێبوردەیی لەنێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا لە هەرێمی کوردستان کردەوە بە شێوەیەك کە تورکمان، مەسیحی، ئێزدی، کاکەیی، ئەرمەن، شەبەك، عەرەب و کورد هەموو پێکەوە یەکسان بن و دووپاتی کردەوە کە وەك هەمیشە هەرێمی کوردستان بە نیشتمان و لانکەی ئارامی هەمووان دەمێنێتەوە.

ئەمینترین خەڵک و شوێن بۆ ئەمەریکا کورد و هەرێمی کوردستانە

د.مەحمود عوسمان: یەکەمجارە ئەمەریکا هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا دەکات



سیاسەتوان د.مەحمود عوسمان، سەبارەت بە هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، ئاماژە بەوە دەدات ئەوە یەکەمجارە بەهۆی لێدانەوە ئەمەریکا هەڕەشەیەکی وا بکات، ئاماژە بەوەش دەدات، ئەمینترین خەڵك و شوێن بۆ ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد و هەرێمی کوردستانە. د.مەحمود عوسمان، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، لە پێشتر لە شەستەکان پچڕانی پەیوەندی لە نێوان عێراق و ئەمەریکا ڕوویداوە، بەڵام بەهۆی لێدان و هێرشەوە ئەوە یەکەمجارە ئەمەریکا هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا بدات کە ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، گوتی: ئەمەریکا هۆشداری داوە لە لێدان لە ١٢٠ بنکەی سەربازی میلیشیاکانی کە نزیکن لە ئێران و ئەمەریکا کە بە هەڕەشەیان دەزانێ بۆ سەر خۆی، بێگومان لەو دۆخەدا ئێرانیش دەستوەردان دەکات و بەوەش عێراق دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران، لەو دۆخەدا عێراق زیانی گەورەی بەر دەکەوێت کاتێك ئەمەریکا باڵیۆزخانەی دابخات، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە دەستکراوە دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی هۆشداری داوە.

ئەو سیاسەتوانە کوردە، ئاماژەی بەوەش داوە "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمینترین خەڵك و شوێن بۆ ئەمەریکا کورد و هەرێمی کوردستانە"، گوتی: کورد و هەرێمی کوردستان بەڕاستی هاوپەیمانی ئەمەریکان و دۆستن، گرنگە ئەمەریکا ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە سەربازانیان لە هەرێمی کوردستان بە ئازادی لەناو بازاڕو خەڵکدا دەسوڕێنەوە، گرنگە ستراتیژی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دۆستایەتیەکی ڕاستەقینە بە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بگۆڕێ، نەك سەرەڕای ئەو دۆخەی کە هەیەتی هەر ڕوو لە بەغدا بێت، چونکە ئەو ئازادیەی کە ئەمەریکیەکان هەیانە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بەڵگەی بوونی ئەمنیەتێکی زۆر باشە بۆ ئەمەریکا لەو ناوچەیە، هەروەکو کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر کە لە ئەمینترین شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

بەڵام بەهۆی لێدان و هێرشەوە ئەوە یەکەمجارە ئەمەریکا هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا بدات کە ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، گوتی: ئەمەریکا هۆشداری داوە لە لێدان لە ١٢٠ بنکەی سەربازی میلیشیاکانی کە نزیکن لە ئێران و ئەمەریکا کە بە هەڕەشەیان دەزانێ بۆ سەر خۆی، بێگومان لەو دۆخەدا ئێرانیش دەستوەردان دەکات و بەوەش عێراق دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران، لەو دۆخەدا عێراق زیانی گەورەی بەر دەکەوێت کاتێك ئەمەریکا باڵیۆزخانەی دابخات، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە دەستکراوە دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی هۆشداری داوە.

ئەو سیاسەتوانە کوردە، ئاماژەی بەوەش داوە "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمینترین خەڵك و شوێن بۆ ئەمەریکا کورد و هەرێمی کوردستانە"، گوتی: کورد و هەرێمی کوردستان بەڕاستی هاوپەیمانی ئەمەریکان و دۆستن، گرنگە ئەمەریکا ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە سەربازانیان لە هەرێمی کوردستان بە ئازادی لەناو بازاڕو خەڵکدا دەسوڕێنەوە، گرنگە ستراتیژی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دۆستایەتیەکی ڕاستەقینە بە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بگۆڕێ، نەك سەرەڕای ئەو دۆخەی کە هەیەتی هەر ڕوو لە بەغدا بێت، چونکە ئەو ئازادیەی کە ئەمەریکیەکان هەیانە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بەڵگەی بوونی ئەمنیەتێکی زۆر باشە بۆ ئەمەریکا لەو ناوچەیە، هەروەکو کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر کە لە ئەمینترین شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

دەنگۆی داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق



ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردەوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ حکوومەتی عێراقی ئاگادارکردووەتەوە لەوەی باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا دادەخەن، ئەگەر هەوڵی زیاتر نەدرێت بۆ وەستاندنی ئەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا.

ژمارەیەك بەرپرسی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئاشکرایان کردووە کە شەوی شەممە، ٢٦ی ئەم مانگە مایك پۆمپیۆ، بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕاگەیاندووە، ئەگەر هەوڵی زیاتر نەدرێت بۆ وەستاندنی ئەو هێرشانەی کە دەکرێنە سەر باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا دادەخەن، ئەوا باڵیۆزخانەکە داخراو ئەو بەرپرسانەوە ئەوەیشی بڵاوکردووەتەوە کە هێشتا دیار نییە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ واژووی لەسەر بڕیاری داخستنی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق کردبێت، بەڵام ئەگەر کۆشکی سپی بڕیارەکە جێبەجێ بکات، ئەوا داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق لە میانی سێ مانگدا، ئەنجامدەدرێت.

ڕۆژی یەکشەممە گوتەبێژی حکوومەتی عێراق، ئەحمەد مولا تەڵال ڕاگەیاندبوو ئومێد دەکەن ئیدارەی ئەمەریکا چاو بەو بڕیاری داخستنی باڵیۆزخانەکەیان لە عێراق بخشێنێتەوە و گوتبووی «چەند گرووپێکی لەیاسا دەرچوو هەن کە هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەدەن، جگە لەوەیش داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، پەیامێکی ئەرێنی دەبێت بۆ ئەو گرووپانە».

وەزارەتی دارایی عێراق: کێشەی سیولەمان هەیە و لە هەوڵی دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی حکوومەتین



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ دووشەممە، وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، جەخت لەسەر پابەندبوونی خۆیان بە دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.

ئەوەش خراوەتەڕوو، دڵنیایی ئەوە دەدەنە هاووڵاتیان بەوپەڕی توانەوە لە هەوڵی گرەنتیکردنی شایستە دارایەکانداڕ و هەوڵدەدەن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دابەشی بکەن و لەپێشینەیان دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتییە. ئاماژە بەوەشکراوە، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و پەتای کۆرۆناوە قەیرانی دارایی و کەمی سیولە ڕویکردووەتە حکوومەت. لە ڕاگەیانراوەکەدا باسیش لەوە کراوە، لە ئێستادا کار لەسەر ئامادەکردنی نەخشە ڕێگەیەکی تایبەت دەکات بۆ خەرجکردنی شایستە دارایی بنەڕەتییەکانی سێ مانگی داهاتووی ئەمساڵ و بەمزوانە نەخشە ڕێگاکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان و هەر کات پەسەندکرا دەتوانین گرەنتی موچە و شایستە دارایەکان بە تەواوەتی بکەین.

تا ئێستا، حکوومەتی عێراق کاتی دابەشکردنی موچەی مانگی ئەیلولی ڕانەگەیاندووە، پێشتر لە ڕۆژانی ١٨ بۆ ٢٥ی هەموو مانگێك خشتەی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی عێراق ڕادەگەیەندرا، هاوکات تا ئێستا بەغدا ٣٢٠ ملیار دینارەکەی هەرێمی کوردستانیشی ڕەوانە نەکردووە، کە پێشتر هەردوولا لەسەری ڕێککەوتبوون.

تۆڕێکی عێراقی: داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بۆ عێراق مەترسیدارە



تۆڕێکی عێراقی هۆشداریی لە داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدای پایتەختی وڵاتەکەی دەدات و ڕایدەگەیەنێت، عێراق دەباتە قۆناغێکی مەترسیدار.

نەجم قەساب، سەرۆکی کۆمەڵەی (ئەلمەورید) بۆ تۆڕینەوە و ڕاگەیاندن لە عێراق، لە بەرنامەیەکی کەناڵێکی وڵاتەکەیدا، ڕایگەیاندووە، عێراق پێویستیی بە سەرکردەیەکە بۆ دووڕخستنەوەی لە مەترسییەکان.

نەجم قەساب هەروەها ڕایگەیاندووە، هەر کاتێ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا داخرا، یەکسەر بە دوایدا وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیاش باڵیۆزخانەکانیان لە عێراق دادەخەن، چونکە ئەو چوار وڵاتە ئەندامی کاریگەری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشن و هەڵوێستەکانیان نزیکە لە یەکتر.

ئەو تۆڕەدە عێراقییە هۆشدایی لە داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا داوە و ڕایگەیاندووە، بە داخستنی باڵیۆزخانەکە، عێراق ڕووبەڕووی قۆناغێکی مەترسیدار و ئەگەری گەمارۆی ئابووریی هاوشێوەی گەمارۆی ساڵانی ٩٠ەکانی سەدەی ڕابردوو، دەبێتەوە.

جێی باسە شەوی یەکشەممە ٢٧-٩-٢٠٢٠، بەشێك لە سەرچاوە میدیاییەکان ئاماژەیان بەوە کرد، کە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و بەشێك لە ستافەکەی، بەغدایان بەجێهێشتووە و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، خۆیان گەیاندووەتە هەولێر. هەروەك ئەو میدیایانە باسیان کرد، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەهۆی هەڕەشە و هێرشی بەردەوامی میلیشیا عێراقییەکان، کار لەسەر داخستنی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەغدا، دەکات.

هێمن هەورامی:

هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەی نێوان حکوومەت و پەرلەمان ئەنجامدەدرێت

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەخاتەڕوو



دوێنێ دووشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، کۆبوونەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان چەند خاڵێك لەخۆ دەگرێت، یەکێك لەو خاڵانە خستەڕووی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازییە لە مووچە و دەرماڵەکان. هەر لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا هێمن هەورامی گوتی: نووسراوی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە پەرلەمان، لەسەر داوای سەرۆکی حکوومەت بەپێی مادەی ٦٦ لە برگەی دووەم، داوای کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان راشیگەیاند: مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداری لە کۆبوونەوەکە دەکەن و خاڵەکانی کۆبوونەوەکە بریتین لە خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵەکان، کە لە ٢٠٢٠/٧/١ کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

خاڵێکی دیکەش پەیوەستە بە دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و بابەتی مووچە. خاڵێکی دیکە تایبەتە بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکان، هەروەها باس لە گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەکرێت لەسەر پرسی بودجە و خاڵەکانی پەیوەست بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، هەر لە کۆبوونەوەکەدا باسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی دەکرێت. هێمن هەورامی گوتیشی: ئەمڕۆ کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەی نێوان حکوومەت و پەرلەمان ئەنجامدەدرێت.



هێمن هەورامی پێشوازیی لەکونسوڵی گشتیی یۆنان لەهەرێمی کوردستان کرد

جەخت لەبەهێزکردن و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و یۆنان کرایەوە

دوێنێ دووشەممە ٢٨/٩/٢٠٢٠، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لەئیفۆپیمۆس کۆستۆپۆڵۆس کونسوڵی گشتیی یۆنان لەهەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لەڕەوشی سیاسی و ئابووری و تەندروستیی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کردو راشیگەیاند: پەرلەمانی کوردستان پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەچوارچێوەی دەستووردا.

بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی یۆنان لەسەرجەم ئاست و بوارەکاندا، پێداوە بە ئەوە ببێتە بنەمای گفتوگۆ و چارەسەرەکانمان.

رۆژبەیانی ئەوەشی بۆ خەبات روونکردەوە: ئێمە وەکو لێژنەی ناوچە کوردستانییەکان پشتگیری لە پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەت دەکەین و داواکارین حکوومەتی هەرێم بەو گرۆتینەوە بەردەوام بێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ باوەشی کوردستان، چونکە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان ئومێدیکی زۆریان بە حکوومەتی هەرێم هەیە بۆ ئەوەی بەرگرییان لێبکات و پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتیش دڵخۆشی کرد و پێی گوتن ئەوە ئێمەین بەگری لە هاوڵاتیانی کوردی رەسەنی خۆمان دەکەین و ناهێڵین خاکی کوردان داگیر بکرێت.



دەستووری عێراق دەکاتەوە کە تاکە چارەسەری ڕیشەییە بۆ ئەو ناوچانە. سەرۆکی حکوومەت بە ڕاشکاوانە بە عێراق دەڵێ ئەو دەستورەی هەیە لە ئێستا و خەڵکی کوردستانیش دەنگی کردنیان ئومێدبەخشە و پشتگیری لە خەڵکی رەسەنی ئەو ناوچانە دەکات بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بێ جیاوازی، جگە لەوەش جەخت لە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق دەکاتەوە کە تاکە چارەسەری ڕیشەییە بۆ ئەو ناوچانە. سەرۆکی حکوومەت بە ڕاشکاوانە بە عێراق دەڵێ ئەو دەستورەی هەیە لە ئێستا و خەڵکی کوردستانیش دەنگی

جوان رۆژبەیانی بۆ (خەبات): ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یەکێک بوو لە خاڵەکانی کارنامەی حکوومەتی هەرێم

خەبات: تریفە ئازاد

جوان رۆژبەیانی سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دۆخی ناوچە کوردستانییەکان باش نییە و عەرەبە هاوردەکان دەیانەوێت دووبارە ئەو ناوچانە تەعریب بکەنەوە دەست بەسەر موڵك و ماڵی کوردەکان دابگرن. هەروەها ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یەکێك بوو لە خاڵەکانی کارنامەی حکوومەتی هەرێم کە بەڕێز مەسرور بارزانی لە ڕۆژی سوێندخواردنی لە پەرلەمان بۆی خوێندنەوە، پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دۆخی ئەو ناوچانەو بە عەرەب پێداوە بە ئەوە ببێتە بنەمای گفتوگۆ و چارەسەرەکانمان.

رۆژبەیانی ئەوەشی بۆ خەبات ڕوونکردەوە: ئێمە وەکو لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پشتگیری لە پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەت دەکەین و داواکارین حکوومەتی هەرێم بەو گرۆتینەوە بەردەوام بێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ باوەشی کوردستان، چونکە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان ئومێدیکی زۆریان بە حکوومەتی هەرێم هەیە بۆ ئەوەی بەرگرییان لێبکات و پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتیش دڵخۆشی کرد و پێی گوتن ئەوە ئێمەین بەگری لە هاوڵاتیانی کوردی رەسەنی خۆمان دەکەین و ناهێڵین خاکی کوردان داگیر بکرێت.

لەوەتەی مانگی تەموزی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا چەندینجار کاروانی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی و سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا لە چەند پارێزگایەکی عێراق لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کراونەتە ئامانج.

ئەمەریکا، گرووپە چەکدارییەکانی نزیك لە ئێران لەنێویاندا حزبوڵڵا بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار دەکات. ئەمەریکا، نزیکەی پێنج هەزاری وڵاتەکەی و نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازیی دیکەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە عێراق جێگیر کردووە.

بۆ دوومجار لە ڕۆژێکدا

کاروانی گواستنەوەی کەلوپەلی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرایە ئامانج

بۆمبێکی چێنراو لەلایەن کەسانەی نەناسراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە باشووری وڵات تەقێنرایەوە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیایەکدا تەقیوەتەوە کە گرێبەستی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە بەمەبەستی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی.

ئەوە خراوەتەڕوو کە تەقینەوەکە لەسەر ڕێگای خێرا لە ناحیەی متیحییە سەربە پارێزگای بابل باشووری عێراق ڕوویداوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە تەقینەوەکە زیانی بە یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانی کاروانەکە گەیاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە.

ئەم هێرشە بە دووەم هێرشی هاوشێوە دادەنرێت کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بکرێتەسەر کاروانی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش، کە پێشتر کاروانێکی هاوشێوە لە پارێزگای زیقار کرایە ئامانج.

پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردبووەوە کە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش لەسەر ڕێگای ناحیەی بەتحاڤ ڕۆژئاوای پارێزگای زیقار تەقیوەتەوە.



ناوەڕۆکی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ ئێران

فوئاد حوسێن پەیامێکی زارەکی سەرۆکوەزیرانی عێراقی گەیاندووەتە سەرکۆماری ئێران



فوئاد حوسێن لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمخانی ڕەوشی ئێستای ناوچەکە تاوتوێکراوە و لای خۆیەوە عەلی شەمخانی پاڵپشتی حکوومەتی ئێرانی بۆ عێراق دووپات کردووتەوە.

ڕاشیگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە گرنگە پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەگەڵ حکوومەتەکەی مستەفا کازمی هاوکاربن بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی کە بەرەوڕووی عێراق بوونەتەوە، چونکە ناکۆکییەکان لە عێراق کاریگەری خراپیان لەسەر سەقامگیری ناوچەکە دەبێت

جێی باسە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن بۆ ئێران کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ئەنجامدرا، ماوەی دوو ڕۆژی خایاند. هەفتەی ڕابردوو فوئاد حوسێن سەردانی ئەوروپای کردبوو کە لە میانیدا بە جیا لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەلجیکا کۆبوونەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی گەیاندووەتە سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی کە پەیوەست بووە بە پێشهاتەکانی ناوچەکە و جگە لەوەیش پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتییان لەسەرجەم بوارەکاندا تاوتوێکردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە فوئاد حوسێن ستایشی ڕۆڵی ئێرانی کردووە لە پاڵپشتیکردنی عێراق، هەروەها هەردوولا سەبارەت بە گرنگترین دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات گفتوگۆیان کردووە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد سەحاف ئەوەیشی خستووتەڕوو کە لە کۆبوونەوەکەی، فوئاد حوسێن و هاوتا ئێرانییەکەی، محەمەد جەواد زەریف پرسەکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پرسەکانی هەرێمیی، هەروەها پێشهاتەکانی نێودەوڵەتییان تاوتوێکردووە.

ئەحمەد سەحاف ڕاشیگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن دیدوبۆچوونی حکوومەتی وڵاتەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەدییەکانی ئێستا ڕوونکردووەتەوە و جەختی کردووەتەوە کە عێراق لەگەڵ ئەوەدایە ناکۆکییەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن. ئاشکراشیکردووە کە لە دیداری فوئاد حوسێن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ئێران، محەمەد باقر قالیباف ئەو تەحەدیانەی کە بەرەوڕووی ناوچەکە بووەتەوە خراونەتە بەرباس، هەروەها دواییین پێشهاتەکانی هەرێمیی تاوتوێکراوە و جگە لەوەیش بیروڕا سەبارەت بە تەحەدییەکانی ئێستای ناوچەکە ئاڵوگۆڕکراوە.

باس لەوەشکراوە کە لە دیدارەکەدا، سەبارەت بە چۆنیەتی پتەوترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە سەرجەم بوارەکانی گفتوگۆکراوە. ئەحمەد سەحاف ئاماژەی بەوەیشداوە کە لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن دیدوبۆچوونی حکوومەتی وڵاتەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەدییەکانی ناوچەکە دەخاتەڕوو

د. نزار عسمەت: پێویستە هاوواڵتیان پابەندی ڕێنماییی خۆپارێزی بن

تا ئێستا لە پارێزگای دهۆک ١١ هەزار و ٥٠٠ کەس تووشی کۆرۆنا بوونە و ٢٢٦ هاوواڵتیش بەوهۆیەوە گیانیان لەدەست داوە



چەند ڕۆژێکە شەپۆلی کۆرۆنا لە سنووری پارێزگای دهۆک گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی پارێزگای دهۆکیش هۆشداری دەدات لەوەی هاوواڵتیان خۆپارێزی نەکەن و ڕێژەکە بەرز بێتەوە.

د. نزار عسمەت، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی دهۆک بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە نەخۆشخانەکانی دهۆک بەگوێرەی پڕۆتۆکۆڵ توشبووانی کۆرۆنا چارەسەر دەکرێن، ئامێر و چارەسەری پێویست دابین کراوە، بەداخەوە ڕێژەی مردن گەیشتووەتە ٢٪ و ئەوەش هۆکارەکەی بۆ زیادبوونی ڕێژەی توشبوونی هاوواڵتیان دەگەڕێتەوە، پێداچوونەومان بە ڕەوشی تەندروستیدا کردووە و هەرچی پێویست بێت ڕێکاری چارەسەری دەگرینەبەر.

تا ئێستا لە پارێزگای دهۆک ١١ هەزار و ٥٠٠ کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و ٢٢٦ هاوواڵتیش بەوهۆیەوە گیانیان لەدەست داوە و ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠ حاڵەتی نوێ تۆمار دەکرێن.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی دهۆک گوتی: تا ئێستا ٥٦٨ کارمەند و پزیشک لە ناوەندەکانی چارەسەرکردن تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و چوار لەوانەش بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست داوە، ئێمە بەهۆی زۆریی ژمارەی نەخۆش، نەخۆشخانەی ئازادیی شاری دهۆک تایبەت دەکەین بە چارەسەری کۆرۆنا.

د. نزار عسمەت ڕوونیشی کردۆتەوە: پلانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی ئەوەیە نەخۆشخانەی ئازادی تەرخان بکرێت بۆ نەخۆشەکان و تەنیا تایبەت نەبێت بە چارەسەری کۆرۆنا، چەندین کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆکسجین زیاد کراون و لە زۆربەی نەخۆشخانەکان دەمانەوێت ئۆکسجینی مەرکەزی جێبەجێ بکەین.

دکتۆر نزار عسمەت داوای لە هاوواڵتیانی دهۆک کرد، تا بکرێت خۆیان بپارێزن و ڕێنماییەکانی خۆپارێزی وەک خۆی جێبەجێ بکرێن و لە کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی کۆرۆنا خۆیان کەرەنتین بکەن و لە کاتی پێویست سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەری.

هەروەها لەبارەی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆوە، دکتۆر نزار عسمەت دەڵێت: ئێمە وەک تەندروستی لەگەڵ ئەوەداین قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەندرێت، چونکە هاوکارمان دەبێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توشبوون، بەداخەوە ڕۆژانە زۆرترین ڕێژەی توشبوونی کۆرۆنا لە پارێزگای دهۆکە.

هەرێمی کوردستان.. ٧٣٥ کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٧٣٥ تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە کە زۆرترین ژمارە لە هەولێربووە بە ٢٩٢ تووشبوو، ٢٨٣ لە دهۆک، ١٠٣ لە سلێمانی، ٢٥ لە گەرمیان و لە پارێزگای هەڵەبجەیش ٣٢ تووشبوو. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٨٦ کەس لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە کە زۆرترین ژمارەیان لە هەولێر بووە بە ٢٠٤ کەس، ٢٣ کەس لە سلێمانی، ٣٢ کەس لە گەرمیان، سێ کەس لە دهۆک و لە هەڵەبجەیش ٢٤ کەس.

هەروەها لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٢ کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین ژمارەیان لە سلێمانی بووە بە ١٠ کەس، دوو کەس لە هەولێر، چوار کەس لە دهۆک، سێ کەس لە ڕاپەڕین و سێ کەسیش لە هەڵەبجە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، ٤٥٦ هەزار و ٩٩٤ پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە کە لە ئەنجامدا، ٤٦ هەزار و ٤٦٦ حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە. لەو ژمارەیەش تا ئێستا، ٢٩ هەزار و ٧٠٨ کەسیان چاکبوونەتەوە و ١٥ هەزار و ٦٥ کەسیش ماون لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان، هەروەها هەزار و ٦٩٣ کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.



زیاتر لە ٣٣ ملیۆن و ٣١٠ هەزار کەس لە جیهان تووشی پەتای کۆرۆنا بوون

ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبی ڕۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا و دواتر هەموو جیهانی تەنیوە، ٣٣ ملیۆن و ٣١٠ هەزار کەسی تێپەڕاند. دوێنێ دووشەممە ماڵپەڕی Worldometer کە ڕۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە، بڵاویکردەوە کە تا ئێستا، یەک ملیۆن و دوو هەزار و ٤٥٢ تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبووانیش بۆ ٣٣ ملیۆن و ٣١٠ هەزار و ٩٥٣ کەس بەرزبووەتەوە. تا ئێستا ٢٤ ملیۆن و ٦٣٩ هەزار و ٦٤ تووشبوو چاکبوونەتەوە و حەوت ملیۆن و ٦٦٩ هەزار و ٤٣٧ تووشبووش چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. جێی باسە کۆرۆنا بەتوندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە تا ئێستا حەوت ملیۆن و ٣٢١ هەزار و ٣٤٣ حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە لەو وڵاتە تۆمار کراوە و ٢٠٩ هەزار و ٤٥٣ تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.

عێراق.. ٦٢ کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لە دەست دا

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ٤٣ هەزار و ١١٦ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند. دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٨، وەزارەتی تەندروستی عێراق لە بەیاننامەیەکەیدا ڕایگەیاندووە، لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوو ٤ هەزار و ١١٦ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری عێراق تۆمارکراوە و ٤ هەزار و ١١١ کەسیش چاکبوونەتەوە، ٦٢ کەسیش گیانیان لە دەستداوە و کۆی گشتی تووشبووانیش گەیشتە ٣٥٣ هەزار و ٥٦٦ کەس. هەروەها ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە لە کۆی گشتی تووشبوانی ئەم ڤایرۆسە ٢٨٤ هەزار و ٧٨٤ کەس چاکبوونەتەوە و ٩ هەزار و ٥٢ کەسیش گیانیان لە دەستداوە.

ئەمەریکا و UN داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی پێکدادانەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکەن

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بانگهێشتی دەستبەجێی کۆتایهێنان بە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیای لە ناوچەی قەرەباغ کرد. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرهەڵدانی جوڵەی سەربازیی لە ناوچەی قەرەباغ و گیانلەدەستدانی خەڵکی سڤیل جێگەی نیگەرانییە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیان کراوە و ڕاشگەیەندراوە کە «ئەمەریکا بە توندی ئیدانەی زیادبوونی گرژی لە ناوچەکەدا دەکات». هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ستیڤان بێیگون گفتوگۆی لەگەڵ هەریەك لە وەزیری دەرەوەی ئازەربایجان، جەیهون بایرامۆف و وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا، زۆهراب مناتساکانیان ئەنجامداوە و بانگهێشتی هەردوو لایەنی کردووە بە کۆتایهێنانی دەستبەجێی پێکدادانەکان.

لە لایەکی دیکەشەوە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس ئیدانەی کوشتنی خەڵکی سڤیلی کرد لە پێکدادانەکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و بانگهێشتی کۆتاییهێنانی دەستبەجێی پێکدادانەکانی کرد. گوتەبێژی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستێفان دوجاریک بە ناوی ئەنتۆنیۆ گوتیرێس ڕایگەیاند کە ئەوان زۆر نیگەرانن بە دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لە ناوچەی قەرەباغ. ستێفان دوجاریک ڕایگەیاند کە گوتیرێس ئیدانەی بوونە قوربانیانی خەڵکی سڤیل لە شەڕ و پێکدادانەکاندا کردووە و داوای دەستبەجێی ڕاگرتنی تونودتیژی کردووە.

ڕاشگەیەندرا کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هەریەك لە سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلییێف و سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا، نیکۆل پاشینیان ئەنجام دەدات. جێی باسە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سوپای ئازەربایجان هێرشی کردە سەر خاڵە سنوورییەکانی ناوچەی قەرەباغی سەر بە ئەرمەنستان و هێزەکانی ئەرمینیاش ڕووبەڕووی هێرشکاران بوونەوەو زیانی زۆریان بە هێزەکانی ئازەربایجان گەیاند.

دیپلۆماتکارێکی ئەرمەنی: تورکیا چەکدارە سووریییەکان بۆ شەڕ دژی ئێمە بەکاردەهێنێت

تورکیا چوار هەزار چەکداری گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریای گواستووەتەوە ئازەربایجان



دیپلۆماتکارێکی ئەرمەنی ڕایدەگەیەنێت، تورکیا چەکدارە سووریییەکان دەگوازێتەوە بەرەکانی شەڕ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و لە دژی ئەوان بەکاریان دەهێنێت. فاردان تاگانیان، باڵوێزی ئەرمینیا لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا، بە ئاژانسی (سپۆتنیک)ی ڕاگەیاندووە، لە ماوەی ڕابردوودا، تورکیا چوار هەزار چەکداری گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریای گواستووەتەوە ئازەربایجان. فاردان تاگانیان هەروەها ڕایگەیاندووە، تورکیا ئەو چەکدارە سووریانە، کە لە بنکەکانی گرووپە تونددڕەوەکان مەشقیان پێکراوە، بۆ شەڕ دژی ئەرمینیا بەکار دەهێنێت. ڕۆژی یەکشەممە ٢٧-٩-٢٠٢٠، سوپای هەردوو وڵاتی ئەرمینیا و ئازەربایجان لە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی قەرەباغ، ڕووبەڕووی یەك بوونەوە و شەڕ تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو. قەرەباغ کۆماریکی باشووری قەوقازە و لەلایەن هیچ وڵاتێکەوە دانی پێدانەنراوە. زۆرینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە ئەرمەنین و هەردوو وڵاتی ئەرمینیا و ئازەربایجانیش قەرەباغ بە بەشێك لە خاکی خۆیان هەژماری دەکەن.

کوژرانی پێنج هاوواڵاتی سڤیلی لێکەوتەوە

عێراق.. کەوتنەخوارەوەی دوو مووشەکی کاتیۆشا لە بەغدا

مستەفا کازمی فەرمانی دەرکردووە لێکۆڵینەوەی بەپەلە لە رووداوەکان بکرێت



لە ئاکامی کەوتنەخوارەوەی دوو مووشەکی کاتیۆشا بەسەر ماڵێکدا لە قەزای رەزوانییە لە بەغدا، پێنج هاوواڵاتیی سڤیل کە سێیان منداڵ و دوو کەسەکەی دیکە ئافرەت بوون، کوژران.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دوێنێ رایگەیاند، لە کاتێکدا حکوومەت و هێزە ئەمنییەکان هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە لە پارastنی هاووڵاتییان و سەپاندنی یاسا و دەستبەرکردنی سەقامگیری، گرووپی چەتەی تاوانکار و دەرچوو لە یاسا کاری وەحشیگەرانە و تاوان دژ بە هاووڵاتییان ئەنجام دەدەن و ئامانج لەم کارانەیان دروستکردنی پێشووی و مەترسییە لەلای هاووڵاتییان.

لە راگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو گرووپانە ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە، تاوانێکی ترسنۆکانەیان لە ناوچەی ئەلبوشەعبان(ئەلبوعامر) لە قەزای رەزوانییە لە بەغدا ئەنجامدا کاتێک بە دوو مووشەکی کاتیۆشا خانووی هاووڵاتییەکی سڤیلیان کردووەتە ئامانج و بەوهۆیەوە خانووەکە بە تەواوی رووخاوە و پێنج کەسیش لەو رووداوەدا کوژراون کە سێیان منداڵ و دوو کەسەکەی دیکە ئافرەت بوونە، هەروەها دوو منداڵی دیکەش بریندار بوونە.

بە گوێرەی راگەیەنراوەکە، مووشەکەکان لە ناوچەی گەڕەکی جیهادەوە ئاراستەکراون.

لە راگەیەنراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، مستەفا کازمی فەرمانی کردووە بە ناردنی هێزێکی تایبەت و سەرجەم هێزە ئەمنییەکانی دیکەی راسپاردووە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی فراوان بۆ دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی ئەو کارە و ئەوەش خراوەتە روو کە سزای ئەنجامدەرانی ئەو کارە دەدرێت و رێگە بەو جۆرە پێشێلکارییە ئەمنییە نادرێت.

ئەوەش راگەیەنراوە کە کازمی فەرمانی کردووە بە لێکۆڵینەوەیەکی بە پەلە لەو رووداوە و دەستگیرکردن و بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی و هەموو ئەوانەی لەو رووداوەدا تێوەگلاون تاوەکو بە توندترین شێوە سزابدرێن.

لە راگەیەنراوەکەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان ئەوەش خراوەتەروو، کە کازمی جەختی کردووەتەوە لەوەی پێویستە سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان هەوڵە هەواڵگرییەکانیان چڕ بکەنەوە بە ئامانجی دانانی ئاستێک بۆ ئەو جۆرە تاوانانە کە ترس و دڵەڕاوکێ لەلای هاووڵاتییان دروست دەکات و جەختیش لەوە کراوەتەوە کە ڕێگە بەو چەتانە نادرێت ئاسایش و سەقامگیری تێکبدەن بەبێ ئەوەی سزای دادپەروەر بدرێن.



بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەڵمانیا مێرکڵی نیگەران کردووە

بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووانی پەتای کۆرۆنا لە ئەڵمانیا، ئەنجێلا مێرکڵ هەست بە نیگەرانیی زۆر دەکا و گوتەبێژەکەی داوای لە هاونیشتمانیانی ئەڵمانیا کردووە پابەندی ڕێوشوێنە تەندروستییەکان بن. دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٨، ئاژانسی فرانس پرێس بڵاوی کردەوە، کە شتیڤن تسایبرین وتەبێژ بە ناوی ئەنجێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیاوە، گوتوویەتی: بەرزبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی تووشبووانی پەتای کۆرۆنا، جێی نیگەرانیی زۆری ئێمەیە، دەبێ لەگەڵ هەماهەنگکارانمان لە ئەورووپا، بزانین چۆن جڵەوی ئەمە بگرین و هاونیشتمانیانمان پابەندی ڕێنوێنییە تەندروستییەکان بن.

ئێستا رۆژانە لە ئەڵمانیا دوو هەزار تووشبووی نوێ بە پەتای کۆرۆنا تۆمار دەکرێ و بە پێی سەرچاوەکانی حزبەکەی مێرکڵ، لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەگەڵ بەرپرسانی حزبەکەی، هۆشداری ئەوەی داوە ئەگەر هەیە تا سەری ساڵ و ئاهەنگەکانی کریسمس، ڕێژەکە بۆ ١٩٢٠٠ کەس لە ڕۆژێکدا بەرز بێتەوە، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا ڕوو لە هەڵکشان بێ.

عێراق.. تا ئێستا زیاتر ١٥ ملیۆن دەنگدەر خۆیان لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمارکردووە

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕایگەیاند کە تا ئێستا، ١٥ ملیۆن و ٢٠٥ هەزار و ٦٤٨ دەنگدەر خۆیان لە سیستەمی بایۆمەتری، ناویان تۆمارکردووە. نووسینگەی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاوی کردەوە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ دووپاتی دەکاتەوە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پشت بە بنەمای شەفافیەت دەبەستێت لە کارکردن بۆ ڕێکخستن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو کە گوزارشت لە ئیرادەی دەنگدەر بکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە «کۆمیسیۆن ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەی یاسای لە ئەنجوومەنی نوێنەران بووە کە بە ئامانجی تاوتوێکردنی شێوەی بازنەی هەڵبژاردن لەگەڵ دیاریکردنی کۆمپانیای پشکنینی ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی کە بێگەردی و دادپەروەری دەنگی دەنگدەران دەستەبەر دەکات لەگەڵ میکانیزمی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بە سیستەمی بایۆمەتری سازکرابوو».

نووسینگەی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕاشیگەیاندووە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو، هەرچەندە پێداویستیی هونەری و لۆجستیی بۆ دابین نەکراوە، لەوبارەوە بەبێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەکی بۆ خەرج بکرێت هەنگاوی جیددی ناوە کە پشتی بە یاسای هەڵبژاردنەکان نەبەستووە، لەوانە کردنەوەی ناوەندەکانی تۆمارکردن بە ئامانجی دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە سیستەمی بایۆمەتری و دابەشکردنی کارتی دەنگدانی بایۆمەتری.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە تا ئێستا خۆیان لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمارکردووە لە کۆی ٢٦ ملیۆن و ٦٤٢ هەزار و ٨٥ دەنگدەر، گەیشتووەتە ١٥ ملیۆن ٢٠٥ هەزار و ٦٤٨ دەنگدەر، جگە لەوەیش لە کۆی ١٤ ملیۆن و ٤٤٦ هەزار و ١٤ کارتی دەنگدانی بایۆمەتری کە چاپکراون، تا ئێستا ١٠ ملیۆن و ٩٧٩ هەزار و ٧٧ کارتی دەنگدانی بایۆمەتری دابەش کراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە لەئێستادا، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێک دەدات بۆ ئەوەی ڕێژەی دابەشکردنی کارتی دەنگدانی بایۆمەتری زیاد بکات.



نەسیر عەبدولموحسن عەبدوڵڵا وەک باڵیۆزی نوێی عێراق لە تاران دەستنیشان کرا

وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە نەسیر عەبدولموحسن عەبدوڵڵا وەک باڵیۆزی نوێی عێراق لە تاران دەست نیشانکراوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵاوی کردەوە کە دوای ئەوەی نەسیر عەبدولموحسن عەبدوڵڵا وەک باڵیۆزی نوێی عێراق لە تاران دەست نیشانکرا، ناوبراو کارنامەی دەستبەکاربوونی پێشکەشی بە وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف کرد و دواتر کۆبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، گرنگی پتەوترکردنی پەیوەندی و هاوکارییەکانی نێوان عێراق و ئێران تاوتوێکراوە. ئاماژە بەوەیشدراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا، باڵیۆزی نوێی عێراق لە تاران نەسیر عەبدولموحسن پەرۆشی خۆی نیشاندا وە لەوەی زیاتر هاوکاربن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکرێت.



ماکرۆن چینی سیاسیی لە لوبنان بە (خیانەتکردن لە بەڵێنەکانیان) تۆمەتبار دەکات

سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن چینی سیاسیی لوبنانی بە خیانەتکردن لە بەڵێنەکانیان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ لە وڵاتەکەیان تۆمەتبار کرد. ئیمانوێل ماکرۆن لەبارەی دۆخی سیاسی لە لوبنان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە پاریس ئەنجامدا. ماکرۆن گوتی: ئەو نەخشە ڕێگەیەی فەرەنسا پێشکەشی کردووە تاکە بژاردەی گونجاوە بۆ لوبنان. سەرکۆماری فەرەنسا گوتیشی: لەسەر ئەو شکستە لایەنەکانی لوبنان بەرپرسیارییەتی تەواویان دەکەوێتە ئەستۆ.

ماکرۆن ڕاشیگەیاند: دواییەن دەرفەت لەبەردەم سەرکردە لوبنانییەکاندا هەیە بۆ پابەندبوون بە بەڵێنەکانیان کە لە سەرەتای مانگی ئەیلوول دایان بە ئامانجی پێکهێنانی حکوومەت. سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن گوتشیی: هەست بە (شەرم) دەکەین لەبەرامبەر ئەوەی سەرکردە لوبنانییەکان کردیان، و ماوەی چوار بۆ شەش هەفتە مۆڵەتیان پێدەدەین بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەچوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی فەرەنسادا.

لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی بەوە ئێران ڕێگربووە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی لوبنان ماکرۆن گوتی: هیچ بەڵگەیەک نییە بەوەی ئێران ڕۆڵی گێڕابێت لە پێکنەهێنانی حکوومەتی لوبنان.

ماکرۆن ڕەخنەی لە حزبوڵڵای لوبنان گرت و ڕایگەیاند، دەبێ حزبوڵڵا پێیوانەبێت لەوە بەهێزترە کە هەیە، و ئاماژەی بەوە کرد کە نابێ حزبوڵڵا خۆی وەک سوپا نیشان بدات و دژایەتی ئیسرائیل بکات و لە لایەک شەڕی سووریا بکات و لە لوبنانیش وەک حزب ڕێزی لێ بگیرێت. پێویستە ئەوە بسەلمێنێت کە ڕێزی سەرجەم لوبنانییەکان دەگرێت. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بە ڕوونی پێچەوانەی ئەوە دەبینرێت.

ئەم لێدوانی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی شەممە، مستەفا ئەدیب کشانەوەی خۆی لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی لوبنان ڕاگەیاند دوای ئەوەی ڕۆژی ٣١ی ئابی ڕابردوو لەلایەن سەرکۆمار، میشێل عەون ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی پێسپێردرا.

ئێران: هیچ جێگرەوییەک بۆ ڕۆڵی عەلی سیستانی لە عێراق نییە

وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕەتیکردەوە کە بە هیچ شێوەیەک تاران هێرشی کردبێتە سەر نێردەکانی دیپلۆماتی لە عێراق و ئاماژە بەوەیش دەکات کە لەم چەند مانگەی دواییدا، بە هاندانی ژمارەیەک وڵاتی بیانی، هێرشکراوەتە سەر بارەگا دیپلۆماتییەکانی ئێران لە عێراق.

لەمبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، سەعید خەتیبزادە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: بەهیچ شێوەیەک تاران هێرشی نەکردووەتەوە سەر نێردەکانی دیپلۆماتی لە عێراق، بەڵکو لەم چەند مانگەی دواییدا، بە هاندانی ژمارەیەک وڵاتی بیانی، هێرشکراوەتە سەر بارەگا دیپلۆماتییەکانمان لە عێراق. سەعید خەتیبزادە گوتیشی: ئەو ڕەخنانەی کە ڕۆژنامەی کەیهان ئاراستەی مەرجەعی بالای شیعە، عەلی سیستانی کردووە، هیچ پەیوەندیەکی بە دەسەڵاتدارانی فەرمی ئێرانەوە نییە، جگە لەوەیش سیستەمی ئیسلامی لە ئێران لەسەر بنەمای مەرجەعییەت بنیاتنراوە، بۆیە مەرجەعییەت لە ئێران و عێراق پارێزەری ئاشتیی، ئاسایش و سەقامگیرن لە هەردوو وڵات.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، سەعید خەتیبزادە جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە کە هیچ جێگرەوییەک بۆ ڕۆڵی مەرجەعی بالای شیعە، عەلی سیستانی لە عێراق نییە، هەروەها عەلی سیستانی پێگەیەکی بالا و گرنگی لەنێوان شیعەکانی جیهاندا هەیە و گوتی: ئەوەی پێشتر گوتوومانە، ئێستایش دەیڵێینەوە کە ڕێگا بە هیچ کەسێک نادەین سووکایەتی بە پێگەی مەرجەعییەت بکات.





ئەمەریکا.. دادگا بڕیاری تڕەمپی سەبارەت بە تیک تۆک هەڵپەسارد

دادگای فیدرالی ئەمەریکا بڕیاری ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ بۆ قەدەغەکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی TikTok کە سەربە کۆمپانیایەکی چینییە بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرت. بەرلە جێبەجێکردنی بڕیارەکە کە بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممە کارکردن بە تیک تۆک ڕابگیرێت، دادگای فیدرالی لە واشنتۆنی پایتەخت بڕیارەکەی بە شێوەیەکی کاتی هەڵپەسارد.

دوای ئەوەی تڕەمپ ڕایگەیاندبوو کە لەوانەیە هاوپشکێتی Oracle-Walmartی کە لقی تیک تۆکە لە ئەمەریکا بکرێتەوە، وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا بڕیاری قەدەغەکردنی تیک تۆکی لە ٢٠ی ئەیلوولەوە بۆ ٢٧ی ئەیلوول دواخست. وەزارەتی گەنجینە لە ١٨ی ئەیلوول ڕایگەیاند بە پاساوی «پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی» داگرتنی ئەپڵیکەیشنەکانی تیک تۆک و ویچاتی چینی قەدەغە دەکات.

هەولێر..سێ پرۆژەی ستراتیژی لە بواری سێکتەری کارەبا دەخرێنە کار

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند، بڕیار وایە ئەمڕۆ ٢٩-ئەیلوولی ٢٠٢٠، بە چاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری کارەبا و پارێزگای هەولێر لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە شاری هەولێر سێ پرۆژەی ستراتیژی لە بواری کارەبادا بخرێنە کار بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و چارەسەرکەدنی گرفتەکانیان، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا.

ئومێد ئەحمەد، وتەبێژی وەزارەتی کارەبا وتی: «جێگای خۆشحاڵییە توانیمان سێ پرۆژەی گەورە لە بواری سێکتەری کارەبا جێبەجێ بکەین، کە پرۆژەکان لە شاری هەولێرن، پرۆژەیەی یەکەم کردنەوەی



وێستگەی کارەبای ئازادیی نوێ ١٣٢ کەی ڤی، کە ئەم وێستگەیە کاری چارەسەرکردنی فیدەرەکان و پێدانی کارەبایە بۆ ناوچەی ئازادی و دەوروبەری، پێشتر بەردەوام گرفتی کوژانەوەی کارەبا و کەمیی کاتژمێرەکانی کارەبا هەبوو، بەڵام ئێستا هەموو ئەو گرفتانە چارەسەر کراون، کۆی گشتیی گوزمەی پرۆژەکان نزیکەی ٢٠ ملیار دیناری و لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی کارەبا دابین کراوە.» ئاماژەی بەوەش دا: «پرۆژەی دووەم ڕاکێشانی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزی ١٣٢ کەی ڤی و، پرۆژەی سێیەم دەرهێنانی ٨ فیدەرەی ٣٣ کەی ڤی و ١١ کەی ڤی.»

ئومێد ئەحمەد ئەوەیشی خستە ڕوو: «تەوابوونی ئەم سێ پرۆژەیە، هەنگاوێکی گرینگە بۆ سێکتەرەی کەرتی کارەبا کە سبەی یەکێک لە پرۆژەکان دەکەوێتە کار.»

ناوبراو دەشڵێت: «پرۆژەکە وێستگەکانی ئازادیی نوێی هەولێر بە وێستگەی ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هێڵەکانی کارەبا بۆ ئەم ناوچانە.»

دهۆک.. پارێزگەر تەکەزکر کو دقێت تەوەر و ئاقاهییێن بلند ل دوڤ ڕێنما و یاساییێن فەرمانگەهێن ئەندازیاری بهێنەئاقاکرن

راگەهاندنا پارێزگەهێ


دوهی سپێدێ ٢٨-٩-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ کۆمبوونەك دگەل قایمقامێ قەزا دهۆکێ و ڕێڤەبەرێن چەند فەرمانگەهێن ئەندزیاری سازکر. دکۆمبوونێدا ب ئامادەبونا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ وەبەرهێنانێ ل پارێزگەهێ بەحسێ داخازییێن وەبەرهێنەر و خودان شیانا بو ئاقاکرنا تەوەر و ئاقاهییێن بلند ل ناڤ سەنتەرێ باژێرێ دهۆکێ و چاوانیا ڕێپێدان ودووڤ چونا قوناغێن ئاقاکرنا وان تەوەران هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دقێت پێناسەك بو ئاقاهییێن بلند و تەوەران بهێتە دیارکرن وهەر تەوەرەك ل دووڤ ڕێنما و یاساییێن فەرمانگەهێن ئەندازیاری بهێتە چێکرن هەروسا مەرجێن سلامەتیێ دناڤ وان تەوەران دا بهێنە دانان و پەیرەوکرن .

هەروسا گوت: دقێت هەر تەوەرەك ب کوالیتیەکا ئەندازیاری و موکوم بهێتە ئاقاکرن کو ڕویەکێ شارستانی یێ جوان ب دەتە باژێرێ دهۆکێ و پشتەڤانیا کارگێریا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاری و ئاسانکاریەکێ .

پاش گەنگەشێن تێر وتەسەل ل سەر بابەتی هاتنە کرن و بریار هاتە دان کو هەر داخازییەکا بهێتە کرن بو ئاقاکرنا تەوەر و ئاقاهییێن بلند دقێت رازیبونا لیژنا تاییەت ب تەوەران ڤە بهێتە وەرگرتن.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە تەندروستی کامەران عەبدولڕەحمان دەپرسێتەوە



د. سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان ـ ی کرد و لە نزیکەوە لە تەندروستی پرسییەوە، کە ماوەیەکە باری تەندروستی ناجێگیرە.

بریکاری وەزارەت وێڕای ئەوەی بەڕێزەوە ئاماژەی بە هەوڵ و مێژوو و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند کرد، هیوای زوو چاکبوونەوەیشی بۆ خواست و لەو پێناوەشدا هەموو پشتیوانی و هاریکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دووپات کردەوە .

لیژنەی دارایی و وەزیری هەرێم تاووتوێی ڕاپۆرتی پرۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت دەکەن

لەدرێژەی کۆبوونەوەکانیدا بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت، پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە ٢٨/٩/٢٠٢٠، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی هێڤیدار ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی د.ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پرۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان-عێراق کرا بۆئەوەی لەرێگەی ئەم پرۆژەیاسایەوە دەرگای گەندەڵی و بوونی شەفافییەت لەفرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت ئاشکرابێت.

ئەو پرۆژەیاسایە لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەدایە کەمەبەست لێیان چاکسازیکردنە لەسەرجەم سێکتەرەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەبەرژەوەندیی گشتیدا.

دوای شەش مانگ ڕێگای ناوەران بۆ موسڵ کرایەوە



خەبات - ئالان شەهاب :

سەردار یەحیا عەبدولعەزیز قائیمقامی قەزای شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند : ڕێگای ناوەران لە نێوان موسڵ و شێخان ماوەی شەش مانگ بوو لەبەر نەخۆشی کۆرۆنا داخرا بوو، جگە لەوەش هەموو ڕێگاکانی نێوان شارەکانی موسڵ و هەرێمی کوردستان ماوەیەکە کراونەتەوە تەنها ڕێگای ناوەران مابوو بکرێتەوە ، ئێمە بە گرنگانزانی ئەم ڕێگایەش بکرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستە بە نوسراوێکی فەرمی داوامان لە پارێزگای دهۆك کرد ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئاگەدار کردەوە ، بریار درا ئەم ڕێگایە بە شێوەیێکی فەرمی بکرێتەوە بۆیە دوێنی بە فەرمی ڕێگاکە کرایەوە بە ڕووی شوفێران و هاولاتیانداً .

هەروەها گوتی : بە پێی ڕێنمایی تەندورستی و هێزی ناوخۆیی و تیمەکانی تەندورستی مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان دەکەن تاکو پارێزراو بن لە تۆش بوون بە کۆرۆنا ، ئەم ڕێگایە تەنها بۆ هاتووچۆکردنی هاوڵاتیان و فەرمانبەران و ئۆتۆمبێلی بچوک دەکرێتەوە ، بۆ بازرگانی و ئۆتۆمبێلی گەورە ڕێگا نادرێت هاتووچۆ بکرێت.

خەباتکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر (نەبی زەیاب بێدارونی) کۆچی دوایی کرد



خەبات: سەفەر ژاژوکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناسی گەلەکەمان نەبی زەیاب بێدارونی کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو لەگوندی بێدارون سەربەدەڤەری بارزان بە خاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگە گیانفیدا نەبی زەیا بێدارونی ساڵی ١٩٤٥ لەگوندی بێدارون سەر بەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، هەمان ساڵ لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن و کەسوکاری بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە و هەتا گەورە بوونی زۆر غەریبی بینووە و یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی سەرەتایی دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە لەگەڵ ئامۆزای شەهیدی فەرماندە مەلاشنی بێدارونی دەبێت و بەشداری چەندەها داستانی کردووە و یەکێك لە بریندارەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە و دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبێت و یەکێك لە بەشداربووەکانی شۆڕشی گوڵان بووە و لەگەڵ فەرماندەی خەباتکار غەزالی میرخان ژاژوکی دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری لە داستانی خواکورك دەکات و یەکێك لە بەشداربووەکانی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بووە و دوای دەیان ساڵ ئاوارەیی دوای ڕاپەرین دەگەڕێتەوە کوردستان وە دەگەڕێتەوە گوندی خۆی بێدارونی سەر بەدەڤەری بارزان ژیان دەباتە سەر، تەمەنی پڕە لە خەبات و تێکۆشانی و هەروەها بە مرۆڤێکی دڵسۆز بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر ناسراو بووە، کوڕ و کەسوکاری پێشمەرگەنە و یەکێك لە کەسایەتی دەڤەری بارزان بووە، ماوەی چەند ساڵ لەبەر برینداربوونی و خەباتی دەیان ساڵانی پێشمەرگایەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی ٧٥ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

شاندێکی بازرگانیی تورکیا سەردانی هەولێر دەکات

شاندێکی بازرگانیی تورکیا بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی بازرگانی سەردانی شاری هەولێری کردووە و بەرپرسێکی یەکێتیی هاورە و هەنارەکارانیش دەڵێت، دەمانەوێ تورکیا ئاسانکارتی زیاتر بۆ بازرگانانی کوردستان بکات.

هێرش سادق، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتتی هاورە و هەنارەکاران، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «بڕیارە شاندێکی وڵاتی تورکیا سەردانی یەکێتیی هاورە و هەنارەکارانی کوردستان بکات و نوێنەری چەندین لایەنی بازرگانیی تورکیا تێیدا بەشدار دەبن، مەبەست لە سەردانەکەش تاوتوێکردنی ڕەوشی بازرگانییە لە نێوان هەردوو وڵاتی هەرێمی کوردستان و تورکیا.»

بەرپرسی یەکێتی هاورە و هەنارەکارانی کوردستان گوتیشی: «هەرێمی کوردستان زۆرترین جووڵەی بازرگانیی لەگەڵ وڵاتی تورکیا هەیە و دەمانەوێت ئاسانکاریی زیاتر بۆ بازرگانانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەتایبەتی ئێستا ڕەوشی بازرگانی دوای بڵاوبوونەوە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت.»

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ کێشەو گرفتەکانی بەندکراوان دەگەیەنێتە لایەنە پەیوەندیدارەکان



بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی سەردانە مەیدانییەکانی لیژنە لاوەکییەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرتن و گواستنەوەی شارەکان و ژنان و نەوجەوانان و خوێندنەوەو خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنە لاوەکییەکان سەبارەت بەڕەوشی چاکسازییەکان لەهەرێمی کوردستان، پێشنیوەڕۆی دوێنێ ٢٨/٩/٢٠٢٠، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی ڕۆمیۆ هەکاری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا سەردانە مەیدانییەکانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گرتن و گواستنەوەی شارەکان و ژنان و نەوجەوانان و چاکسازییەکان تاووتوێ کرا.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا لیژنە بڕیاریدا سەردانی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی بکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری ئازادکردنی مەرجدار (ئیفراج شرگی) و زوو ڕاییکردنی دادبینیی داواکارییە یاساییەکانی بەندکراوان لەپێناو کەمکردنەوەی قەرەباڵغییەکانی گرتووخانەکان و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو بەندکراوانەی لەماوەی یاساییی خۆیان زیاتر لەگرتووخانەکان ماون.

لیژنەکە بڕیاری ئەوەشیدا سەردانی خانە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدانی چاودێریی کۆمەڵایەتی لەشارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، گەرمیان، سۆران) بکات، لەگەڵ سەردانی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی.



ساڵیادی دەنگی کوردستان و خاڵە بارزان



ئاواره حاجی دێلێزی


دوێنێ پەنجا و حەوتەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەنگی شۆڕش و بەرخودان بوو، دەنگی رەوای خەڵکی بەشمەینەت و ئەنفال و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخوازە.

یادکردنەوەی ئەمساڵی دەنگی کوردستانی عێراق جیاوازترە لە یادەکانی دیکە و ئەمساڵ لە غیابی دەنگی گەورە پێژەری (دەنگی شۆڕش)، بارزان مەلا خالیدە، ئەو بارزانەی کە هەمیشە دەنگە پڕ زوڵاڵەکەی حەماس و گروپتینی بە پێشمەرگە دەبەخشی. ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی خاڵە بارزان لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەستەملان و ئاوێزانی یەکترن و دەنگی ئەو بێژەرە مێرخاسە یەکێك لەو دەنگانەی کە هەمیشە بە نەمریی لە مێژووی راگەیاندنی پارتی دەمێنێتەوە.

ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە 1963/9/28 لە ئێو باریکی نالەبار و لە ژێر هێرشی سوپا و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ناو ئەشکەوتێکدا دامەزرێنرا، لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە دەنگی هۆمەر دزەیی و وریا جاف و چەند بێژەرێکی دیکە شۆڕشی کوردستان جارپدرا. هاوتەریب لەگەڵ دەنگی ئەو بێژەرانە، دەنگی خاڵە بارزان و تەحسین دۆڵەمەری و سەباح بەیتوللا و چەندین کادیری دیکەی بواری راگەیاندن لە شۆڕشی گوڵان بەردەوامی بەو ریتمە شۆڕشگێرییەدا. دامەزراندنی ئەو ئێزگەیە بۆ ئاگاهێنانەوەی جیهانی دەرەوە بوو بۆ ئەو زوڵم و ستەمەی لە لایەن رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق دەرحەق بە گەلی کوردستان دەکرا. دامەزراندنی ئەو ئێزگەیە دوای ئەوە هات کە ژەنەراڵی چیاکان مستەفا بارزانی بە پێویستیزانی دەنگ و سەدای شۆڕش بگاتە جیهانی دەرەوە و خەڵکی کوردستانیش رۆژانە لە بارودۆخی شۆڕش و پەرەسەندنەکانی ئاگادار بن. سەرەتای دامەزراندنی ئەو ئێزگەیە، بە بەکارهێنانی چەند ئامێرێکی ساکار و کۆمەڵێك گیروگرفت دەستی پێکرد و توانای پەخشەکەی کەمتر بوو لە کیلۆ واتێك و زۆربەی بەرنامەکان و دەنگوباسەکانی بە هۆی نەبوونی ئامێری ریکۆردەرەوە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەخش دەکران و سەرچاوەکانی هەواڵیشی هێز و بەتالیۆنەکانی لەشکری شۆرشگێری کوردستان بوو. گرنگترینیان بابەتەکانی دەنگی کوردستانی عێراق بریتی بوو لە دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ و دەستدرێژییەکانی سوپای عێراق بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کوردستان. کاریگەری ئەو ئێزگەیە وای لە رژێمی بەعس کردبوو، بە بەردەوامی بەر هێرشی بۆردمانی فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی عێراق دەکەوت، هاوکات رژێم هەر بەوە نەدەوەستان، چەندین شێوازییان بۆ تەشویش کردنی ئێزگە بەکارهێنا، تا دەنگی ئەو ئێزگە پڕ بیستەرە بەخەڵکی کوردستان نەگات.

لە ئێستاشدا کە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و سەرهەڵدانی مانگە دەستکردەکان و میدیای نوێ و لە ئێویشیاندا سۆشیال میدیایە، لێکەوتەی نەرێنی لە سەر بیستەرانی ئەو میدیا کلاسیکییە دروستکردووە، بەڵام تا ئێستاش گرنگ و بایەخی خۆی هەر ماوە. دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014، ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراقیش بە دەر نەبوو لەو لێکەوتانەی کە بە هۆی ئەو رەوشە نالەبارە دووچاری هاتوون.

ئێزگەی دەنگی کوردستان هەر وەك چۆن لە رابردوو بە توانایەکی کەمیی ماددی لە رۆڵ و ئەرکیان بەردەوام بوون و پێشمەرگە ئاسا لە خزمەتکردنی دۆزی کورد بەردەوام بوون، ئێستاش بە هۆی ئەو رەوشە نالەبارە هەر وەك رابردوو درێژە بەو کاروانە پڕلە سەروەرییە دەدەن، کە خاڵە بارزان و هەڤاڵانی هەموو ژیانیان بۆ ئەو رێباز و دۆزە تەرخان کردبوو و بە دەنگە پڕ لە حەماسەکەیان داری ئازادیان ئاوەدا. رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لەو سۆنگەیەی کە رۆڵێکی کارای لە سەرکەوتن و داستان و نەبەردییەکانی پارتیان لە سەردەمی شاخ و راپەرین و تا ئێستاش هەبووە، ناکرێت لەم رۆژگارە ئەو ئێزگەیە توانا پەخشەکەی سنووردار بێت و لە هەندێ ناوچەی کوردستان پەخشی ئەو ئێزگە ماندوونەناسەی نەگاتێ، ئومێد دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سەقۆرتکردنی دارایی ئەو ئێزگەیە، گیانی خاڵە بارزان و سەرجەم ئەو تێکۆشەرانە شاد بکەن کە لە پشت ئەو سەرکەوتنانە بوون کە بۆ گەلەکەمان هاتونەتەدی.



لە یادی57ـەمین ساڵڕۆژی ئێزگەی دەنگی کوردستاندا

لە دەقەری باڵەکایەتی پەردە لەسەر وێنەی بارزانی مەلا خالید لادرا






کەریم سمکۆ

دوێنێ لە یادی 57 ساڵەی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەرپرسی لقی 26ی گوڵان و بەرپرسانی حزبی و حکوومی و سەربازیی و ژمارەیەکی بەرچاو لە چین و تۆپژەکانی ناوچەکە، مەراسیمێک لە ئەشکەوتی سەردێبان لە دەقەری باڵەکایەتی بەڕێوەچوو، کە ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول سازی کردبوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بە ئامادەبوونی خانەوادەی خوالێخۆشبوو بارزانی مەلا خالید، پەردە لەسەر وێنەیەکی بێژەرە دێرین و ناسراوەکەی دەنگی کوردستان لادرا، کە مێژوویەکی پڕ سەروەری لە خەبات و پێشمەرگایەتی هەبووەو بێژەری ئێزگەی دەنگی کوردستان بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، وێنەکەیش لە هەمان شوێنی ئێزگەی دەنگی کوردستان دانراوە، وەك وەفایەك بۆ تێکۆشان و هەوڵ و هیممەتی خوالێخۆشبوو بارزانی مەلا خالید.

چل رۆژ بەسەر کۆچی دوایی رۆژنامەنووس سەدرەدین قەراجی تێپەڕی

کرمانج عەبدوڵڵا: هەڤاڵ (ڕۆڤین قەراجی) کادیرێکی چالاك و دڵسۆز بوو ڕۆژنامەوانێکی بوێر و قەڵەمێکی ڕاستگۆ و زیندووی دەڤەرەکە بوو



خەبات: تریفە ئازاد

چل ڕۆژ لەمەوبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستی لە یەخەی لاوێکی خوێنگەرمی ئەو وڵاتە گیرکرد، بە کۆمەڵێك خەونی وەدینەهاتوو و کۆمەڵێك خۆزگەو ئازاری ڕۆحی گەڕایەوە لای یەزدانی مەزن، سەدرەدین خدر ناسراو بە ڕۆڤین قەراجی، یەکێك لەو پەیامنێرە هاوکارانەی ڕۆژنامەی خەبات بوو، کە ساڵانێك بە ئیشی مەیدانی و کاری ڕۆژنامەوانی بەشداری لە ڕۆژنامەی خەبات کردووە:

کرمانج عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی 23ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی کادیرو ڕۆژنامەنووس (سەدرەدین قەراجی) ئەندامی مەکتەبی لقی 23ی قەرەچووغ بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەڤاڵ (ڕۆڤین قەراجی) کادیرێکی چالاك و دڵسۆز بوو ڕۆژنامەوانێکی بوێر و قەڵەمێکی ڕاستگۆ و زیندووی دەڤەرەکە بوو. تەمەنێکی کورت وەلێ پڕ لە کۆشش و سەرکەوتنی هەبوو، لە تەمەنی لاوێتیدا وەکو کادیرێك خۆبەخشانە لە ڕێکخراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەستی بە خەبات کردووەو دواتر لە ئەرکی پارتایەتیدا درێژەی بە کاروانی خەباتی کوردایەتی داوە و چەندین ئەرك و ڕۆڵی جیاجیای بینیووە، پێشمەرگە ئاسا و دڵسۆزانە ئەرکەکانی بەجێ گەیاندووە و بەتایبەت لە ئەرکی بەجێگەیاندن و تەواو کردنی ئیسکلۆپیدیای پارتیان لە لقی 23ی قەرەچووغ ڕۆڵێکی کارای هەبوو، مخابن تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێگەی نەدا بە تەواوی ئامانجەکانی ژیانی بگات و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدانی ئەو هەڤاڵە ئازیزەمان خەسارەتێکی گەورە بوو لە کاری پارتایەتی و ڕەوتی ڕۆژنامەوانی دەڤەرەکە .

کوردستان خەلیفە کە بۆ ماوەی زیاتر لە 15ساڵ هاوکارو هاوخەباتی سەدرەدین قەراجی بووە، بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: یەکێك بوو لەو کادیرە ماندووانەی کە هەمیشە حەزو خولیای کارکردن بوو بۆ خزمەت گەیاندن بە هاووڵاتیان جا چ لە ڕێگەی کاری حزبی بێت یان لە ڕێگەی کاری ڕاگەیاندن، ئەو لە پاڵ کاری حزبی ڕۆژانە ئاگادارم بەداداچوونی کێشەکانی دەڤەری مەخموری دەکرد، هەمیشە بە خەندەی سەر لێوانی ئومێدی ژیانی بە دەوروبەری دەبەخشی لای ئاسایی بوو خۆی و ماڵ و منداڵی برسی بێت بەڵام کەسێك برسی نەبێت .

سەباح خدر کریم، براگەورەی سەدرەدین قەراجی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە منداڵی کەسێکی ئارام و دەم بەخەندە بوو و هەمیشە خولیای ئەوەبوو لە کۆڵان و گۆڕەپانەکانی گوند و پاشانیش گەڕەك یاری بکات و هەرگیز شەڕی نەدەکرد وە بە هێمنی ڕۆژەکانی لەگەڵ منداڵەکانی تر بەڕێدەکرد.

گوتیشی: پاش ئازادی عێراق 2003 و گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و مەخموور، سەدرەدینیش بەهۆی ئەرکی خۆی گەڕایەوە مەخموور کە لە لێژنەی ناوچەی مەخموور (پ.د.ك.) پێشمەرگەبوو ودواجاریش بەهۆی لێهاتووی پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ (کادر)ی ڕاگەیاندن، سەدرەدین لەوێدا بووە بە پەیامنێر لە ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (جەماوەر) و دواتریش ڕۆژنامەیەکی بەناوی (مەخموور) دەرکرد، بەشداری دامەزراندنی (سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور) و چەندین ڕێکخراوی تری کرد.



ژیاننامەی سەدرەدین خدر ناسراو بە ڕۆڤین قەراجی

لە ڕێکەوتی 1-5-1983 لە گوندی دووگردکانی حاجی حوسێن سەر بە قەزای مەخموور لەدایکبووە، لە کاری ڕۆژنامەوانی و ڕێکخراوەییدا ناسناوی (ڕۆڤین) ی هەڵبژاردووە، ساڵی 2000 دەبێتە پێشمەرگە لە بارەگای لێژنەی ناوچەی مەخموری (پ.د.ك.)، ساڵی 2003 لە گەڵ چەندین کەسی تر (سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور)یان دامەزراند، لەساڵی 2005 بووە پەیامنێری ڕۆژنامەی خەبات و حەفتەنامەی جەماوەر، لە 13-5-2005 لە هێرشێکی تیرۆرستی خۆکوژیدا کە لە بەردەم بارەگای لقی 23 پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدرا، زامدار دەبێت و کەچی لە هاوکاری بریندارەکانی تر و پاشانیش وێنەگرتنی کارەساتەکە بەردەوام بوو. لە 28-8-2012 هاوسەرگیری دەکات و کچ و کوڕێکی چاوگەشی هەیە بەناوەکانی (ڕۆنین) و (ڕێنوین)، دواییانجار لە قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ژمێریاری لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەیخوێند و مەرگ بواری نەدا تەواوی بکات. لە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 15-8-2020 بۆ یەکجاریی چاوی لێکنا و ماڵئاوایی لەهەموان کرد.

بارزانیی نەمر لە پێشوازی شاندی مامۆستایانی ئایینی

سەری خۆیانی خوارد و بارزانی سەلامەت دەرچوو

هەوڵ و پیلانی تیرۆرکردنی (مستەفا بارزانی) لەلایەن دوژمنانەوە

بارزانی وەک کاریزمایەک و سیمبولێکی مەزنی ئەو شۆڕشانە دەرکەوتووە، هەربۆیە دوژمنان بەردەوام پیلانیان لەدژی خۆی و نەوەکانی دابڕشتووە، بەڵام هەموو ئەو پیلانانە شکستیان خواردووە






کورتەی دەست دریژی تاوان بارانە بو سەر ژیانی سەروك بارزانی

ژین

زانیار سە ردار قرگەیی/ سلێمانی

دوژمنانی گەلی کورد هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینە یەك لەدوایەکە کانیان داوە، هیچ کات درێخییان نەکردووە و بە تووندترین شێوە و بە دڕندانەترین ڕێگە بەرەنگاری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بوونەتەوە و هەوڵی پیلانگێڕی و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کوردیان داوە، بەتایبەت هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی، چونکە بارزانی وەك کاریزمایەك و سیمبولێکی مەزنی ئەو شۆڕشانە دەرکەوتووە، هەربۆیە دوژمنان بەردەوام پیلانیان لەدژی خۆی و نەوەکانی دابڕشتووە، بەڵام هەموو ئەو پیلانانە شکستیان خواردووە و (بارزانی)ش بەسەلامەتی لێی دەرباز بووە، هیچ کاتێکیش پەنای نەبردووەتە بەر تۆڵەکردنەوە لەو کارە تیرۆرستییانەدا و بڕوای بەوە نەبووە هەڵە بەهەڵە چارەسەر بکرێت. لێرەدا و لەیادی کردەوە تیرۆرستییەکەی ٢٩/٩/١٩٧١دا، گەشتێك بەنێو ڕۆژنامێری کردەوە تیرۆرستییەکانی دەرهەق بە بارزانی دەخەینە روو، کە بەم جۆرە بوون:

هەرچەندە لە ناوەڕاستی ١٩٣٦دا، لەکاتی وتووێژدا هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی درابوو، ئەوکاتەی موتەسەڕیفی شاری مووسڵ ژەهری بۆ کردبووە ناو قاوە، بەڵام گیانی بارزانی سەلامەت بوو، لە ١٧/١٢/١٩٦١یش لە نزیك سەرسەنگ، عەبدولکەریم قاسم شاندی وتووێژی بۆ لای بارزانی ناردوو، فڕۆکەی جەنگیشی نارد تا بۆردومانی شوێنی کۆبوونەوەکان بکەن. لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی دەسەڵاتدارانی جۆراوجۆری عێراقیشدا، بەڵام بارزانی لە سااڵنی دواتری تێکۆشانیدا، هیچ کات وتووێژی ئاشتی ڕەت نەکردووەتەوە. هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا، لەگەڵ بەعسییەکان وتووێژی دەست پێ کردووە، دوای ئەوەی بەعسییەکان نەیانتوانی شۆڕشی ئەیلوول بەشەڕ لە ناو ببەن.

د. جەمال ڕەشید، لە وتارێکیدا لەسەر پیلانێکی ڕژێم لە دژی بارزانی لە شاری کەرکووك، دەنووسێت: "ئەفسەرێك وەك (هیدایەت ئەرسەلان) دوای ئەوەی پیلانی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی سەرۆك بارزانی پێ بەدی نەهێنرا، لە بەردەرگای یانەی ئەفسەراندا دڵی وەستا و مرد."

بێرناد دۆرین، باڵوێزی فەرەنسا، دەڵێت: "بارزانی هەمیشە جەختی دەکردەوە، کە هەرگیز ڕوو لە تیرۆر ناکات، هەرچەندە بەدیان و بگرە سەدان هەزار کورد لە بەغدا دەژیان، زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی کاری تیرۆرستی بکەن، بەڵام بارزانی دەیگوت، ئێمە تیرۆرست نین، ئێمە پارتیزانین و دژی هاوڵاتیان شەڕ ناکەین و پەنا بۆ تیرۆر نابەین، ئێمە وەکوو باووباپیرانمان لەپێناو مافەکانماندا بە پاکی دەجەنگین".

د. مەحموود عوسمان، لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا دەڵێت: "حکوومەتی عێراق ورده ورده خۆیان لە جێبەجێکردنی بەیانەکەی ١١ی ئادار دزییەوە، ئیتر کێشە دروست بوو، ئینجا ئەوان لە بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی (کاك ئیدریس)یان دا، پێش ئەوەش هەوڵی تێکدەرانەی تریان دا و کێشە لەنێوانمان دروست بوو، دواتریش هەوڵی تیرۆرکردنی (بارزانی)یان دا".

د. عیزەدین مستافا ڕەسوڵ، لەدیدارێکی بەمجۆرە لە وریایی و زیرەکی بارزانی و کردەوە تیرۆرستییەکانی دەرهەقی دەکران دواوە: گەورە بەرپرسانی عێراق دەیانویست بارزانی بچێ بۆ بەغدا، بەڵام بارزانی هەرگیز نەدەچوو، دەبوایە ئەوان بهاتایە بۆ لای بارزانی. عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆك کۆمار بوو، ئەو خۆی دەهات بۆ لای بارزانی، بارزانی لە هیچ کات و ساتێکدا نەدەچووە بەغدا، ئیتر ئەمەیش وریاییە، وریایی لە خۆپاراستندا زۆر زۆر هەبوو، لەو ڕووەوە زیرەك بوو، بەڵام بۆ جارێك ڕژێمی فاشستی بەعس ژوور ئەو وریاییەش کەوتن و ئەو مەلایانەیان بۆمبڕێژ کرد و ناردیانن و بەو جۆرە بوو کە تەقینەوە و بارزانییش سەلامەت بوو. ئەوەش چیرۆکیان درێژە، هەن دەڵێن هەمووییان ئەمن بوون و پیاوی موخابرات بوون، بەڵام هەن دەڵێن وانەبوو، ئەو دوو کەسەی دەرەوەی بارەگای بارزانی نەبێ کە لەگەڵ وەفدەکەدا بوون، دەیانزانی مەسەلەکە چییە لەگەڵ شۆفێرەکان (ئەمن) بوون، کە بە وەفدەکەیان گوتبوو دەنگی بارزانی بە نهێنی تۆمار بکەن، لەگەڵ داگیرساندنی تۆمارەکەدا تەقینەوە، بەڵام ئەوە ڕێککەوت بوو، کە چاپچییەکە هاتبووە نێوان کەسی خۆکوژ و بارزانی، هەر بۆیە چاپچییەکە لەوێدا شەهید کرا، پاشان پارچەیەك لە شریتەکە دۆزرایەوە و دەنگی بارزانی لەسەر تۆمار کرابوو. چونکە بەعسییەکان ئەزموونی فاشستی جیهانییان هەبوو. کەسانی ئەڵمانییایان زۆر لەبەردەستدا بوو، کاری لەو جۆرانەیان فێر دەکردن، بەداخەوە لە هەردوو ئەڵمانیاوە.مەبەستم ئەوەیە کە بارزانی لە خۆپارستندا زۆر وریا و زیرەك بوو. ئەو زیرەکییە سروشتییەی کە تێیدا بوو، ئەزموونی کۆنی خۆی و عەشیرەتەکەی و ئەوانەی هەموو وەرگرتبوو.

د. شوکریە ڕەسوڵ، لە وتارێکیدا بەناوی (بارزانی و کێشەی کورد لەنێوان بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەییدا ١٩٤٥- ١٩٧٥)، سەبارەت بە هەوڵە تیرۆریستییەکان دژی بارزانی، دەنووسێت: "دانانی پیلان بۆ کوشتنی بارزانی، بەهۆی ڕۆژنامەنووسێکی کوردی سووریا (ئیبراهیم گاباری)، کە جانتاکەیان بەپێی پلان پڕ کردبوو لە کەرەستەی تەقینەوە، لەگەڵ پیلانێکی تری نەخشە بۆدارێژراو، بۆ کوشتنی بارزانی لە ٢٩/٩/١٩٧١، کە نۆ پیاوی ئایینی بە دوو ماشێن هاتنە ناوپردان و، پشتێنی مەلاکان هەمووی پڕ دینامێت بوو و لەلایەن شوفێرەکانی دوو ماشێنەکە تەقێنرانەوە و هەموو مەلاکان کوژران و (بارزانی)ش بە ساغ و سەلامەتی ڕزگاری بوو".

لە ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (٤٢)، ڕۆژی پێنج شە مەمە ٧/١٠/١٩٧١ دا، لە یەکەم لاپەڕە و مانشێتی یەکەم و دوای ماوەیەکیش لە لاپەڕە (٦)دا، هەواڵێکی گرنگ باس دەکات، کە ئەویش هەواڵی تیرۆرکردنی سەرۆك (مستەفا بارزانی)یە، بەم شێوەیە دەنووسێت: (کورتەی دەستدرێژیی تاوانباران بۆ سەر ژیانی سەرۆك بارزانی)، پاشان بەم جۆرە درێژە بە بابەتەکە دەدات: (عەسری ڕۆژی چوار شەممەی ٢٩/٩/١٩٧١ی پێشووتر، کە ڕێکەوتی ٢٩/٩/١٩٧١ی ڕێکەوتی ٩٧١/٩/٢٩ی کردەوەفدێك گەشتەحاجی عمران لەبەغداوە کەنۆ کەس بوون لەدووترومبێلدا یەکێکیان لەجۆری (تیوتا- ستێشن) و سێ ڕەنگ بوو ، ئەوی تریان لەجۆری (شوفرلێت) بوو دوو کەس لەی ئەخورین کەگوایە ساڵمن • وایان دەر

لە سلێمانی، لە ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (٤٢)، ڕۆژی پێنج شە مەمە ٧/١٠/١٩٧١ دا، لە یەکەم لاپەڕە و مانشێتی یەکەم و لە لاپەڕە (٦)دا، هەواڵێکی گرنگ باس دەکات، کە ئەویش هەواڵی تیرۆرکردنی سەرۆك (مستەفا بارزانی)یە، بەم شێوەیە دەنووسێت: (کورتەی دەستدرێژیی تاوانباران بۆ سەر ژیانی سەرۆك بارزانی).

کرد، وەفدێك لە بەغداوە گەیشتە حاجی ئۆمەران، کە (نۆ) کەس بوون لە دوو ترومبێلدا، یەکێکیان (تیۆتا- ستێشن) و ڕەنگی سپی بوو، ئەوی تریان لە جۆری (شۆڤرلێت) بوو، دووکەس لێی ئەخورین، کە گوایە شوفێرن. وایان دەرخست، کە وەفدێکن لە پیاوانی ئایینی، داوای بینینی (بارزانی)یان کرد و لیستێکیان بە ناوەکانی خۆیان و بە دەستوخەتی خۆیان ناساندبوو، ناوەکانیش ئەمانە بوون:

١- عبدالحسین دخیلی. ٢- شێخ عبدالوهابی اعظمی. ٣- شێخ عبدالجباری اعظمی. ٤- شێخ ابراهیم غانمی خزاعی. ٥- شێخ احمدی هیتی. ٦- شێخ باقر مفقر. ٧- شێخ نوری یاسین حسنی. ٨- شێخ غازی دلیمی. ٩- شێخ عبدالجلیل موسوی.

چوار کەس لەوانە پێش دوو هەفتە چووبوون بۆ حاجی ئۆمەران و چاویان بە بارزانی کەوتبوو، بەوداوایەی، کە کۆمەڵێك لە پیاوانی ئایینی نیازی خزمەتی وڵاتیان هەیە و پەیوەندیی ئەبەستن لەگەڵ شوێنە کوردییەکان و کاربەدەستان، بەهیوای نزیککردنەوەی باری سەرنج و نەهێشتنی گومان و دوودڵی و جێبەجێکردنی ئەمن و ئاسایش. هەروەها ئەمجارەش، گوایە بۆ ئەو نیازە هاتوون و بە نووسین داخوازییەکانیان دەست بکەوێت.

لە سەعات پێنجی ئێوارەدا بە دیداری بارزانی گەیشتن، لەو شوێنەی، کە بارزانی میوانەکانی ئەبینێ، لە ژوورێکدا بێجگە لە بارزانی، دکتۆر مەحموود عەلی عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی وەفدە هەڵبەستراوەکەی، لێ ئەوانە هەردوو ترومبێلەکەیان، کە بەدیان بۆمبا و کەرەستەی تەقینەوەی تێدا بووە، لە تەنیشت پەنجەرەی ژووری کۆبوونەوەکەوە دانابوو، لە ژێر چاودێریی هەردوو شوفێرەکەدا.

ڕۆژنامەکە لەدرێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێت: دوای چارەکە سەعاتێك، کە هەموویان خەریکی قسە و گفتوگۆ ئەبن، تاوانبارەکان دەستیان کردووە بە هێرشبردن بە بۆمبای دەستی و کەرەستەی تەقینەوە، کە خۆیان هەڵیان گرتوون و بە شێوەیەکی هونەری بەخۆیانەوە بەستووەتەوە، ئەیانویست دەستبەجێ بارزانی لەناوبەرن، هەندێکیان هەر لەوێدا بەبۆمباکانی خۆیان لەناوچوون، دوای بەیەکدادانێکی سەخت لەنێو ئەوان و پاسەوانەکانی بارزانیدا و تاوانبارەکان، دەیان بۆمبا و کەرەسەی تەقینەوە و بۆمبای کاتییان بەکارهێنا، تا هەموویان لەناوچوون، سەرەڕای ئەو ڕەنجەی، کە پاسەوانەکان دایان بۆ گرتنیان، هەروەها دوو شوفێرەکەش بەگەرمی بەشداریان کرد، دەستبەجێ بارزانی شوێنی کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت، تاوانبارەکان، کە زانییان مستەفا بارزانی سەلامەتە و ماوە، یەکێکیان بۆمبێکی دەستیی بۆ هاوێشت و لە نزیکیەوە کەوت، بەڵام خودا ویستی بارزانی بپارێزێت. لەئەنجامدا دوو پێشمەرگەی پاڵەوان شەهید بوون و چواردەش برینددار بوون، کە برینی دووانیان زۆر سە خت بوو. لە کاتی بەیەکدادانیشدا یەکێك لە ترۆمبێلەکان تەقییەوە و زۆر شوێنی خانووەکەی وێران کرد، بەڵام ترۆمبێلەکەی تر هەر ماوە و بەشێکی زۆری لە بۆمبا و کەرەستەی تەقینەوەکان بە ژێر سکیەوە، بەشێوەیەکی هونەریی ورد چەسپ کراوە. لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی هۆی ڕاستەقینە و دەستی چڵکنی بەڕێوەبردن".


لەم ڕووەوە و لە کتیبی (بارزانی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد)، نووسینی (مەسعود بارزانی)دا، بەم شێوەیە ئەو کارەسات و کردەوە تیرۆرستییە نووسراوە: "سەرنەگرتنی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی، لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان لە واشنتۆن، ماوەی بۆ (مۆنیتۆر) ڕەخساند، کە ئاگاداری ڕای کوردەکان بێت لە بارەی ڕووداوەکەوە، کە ئەویش بەم جۆرەیە : دوو هەفتە پێش ڕووداوە کە، شاندێکی پێکهاتوو لە چوار زانای ئایینی لە بارەگاکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران لە پارێزگای هەولێر، سەردانی (بارزانی)یان کرد،



لە ٢٩ی ئەیلوول لەگەڵ پێنج کەسی تر و دوو شوفێر گەڕانەوە و دوو ئۆتۆمبێلەکە لە نزیک پەنجەرەکانی ژووری میوان راگیران و هەردوو شوفێرەکەش لای ئۆتۆمۆبێلەکانیان مانەوە، کاتێکیش بارزانی بەوە رازی بوو چاوی پێیان بکەوێت، بریاری جێبەجێکردنی پرۆسەکەیان دا و (دە) دەقیقە دوای دەسپێکردنی دیدارە کە، بۆمبێکی دەستی (یان بۆمێکی تەوقیتکراو) کە بە یەکێکیان بوو، تەقی و کوژرا و دەستدرێژیکەرەکانی تر رایان کرد بۆ ژووری پێشوازیکردن، بارزانی فەرمانی کرد نەیانکوژن، بەڵام بۆمبێکی تر بۆ بارزانی هاوێژرا و پاسەوانەکەی کوشت و لە ماوەی شەڕەکەدا، کە لە دوای ئەوە هات، سەربازە کوردەکان هەر (١١) پیلانگێڕەکەیان کوشت و دوو کەسیش لەوان کوژران و ١٤شیان بریندار بوون، دوای ئەوە یەکێک لە دوو ئۆتۆمۆبێلەکە تەقییەوە، ئینجا ئۆتۆمۆبێلەکەی تر پشکنرا و سەد کیلۆ مادەی تەقەمەنی و دوو مووشەکیان تێدا دۆزییەوە. هەردوو ئۆتۆمبێلەکان بەشێوەیەکی هونەری و بەشارەزایی، بە تەقەمەنی چێنرابوون، ئەمەش بەڵای کەمەوە، لای بەشێک لە کوردەکان ئاشکرا بوو، کە گرووپێکی وەکو ئەوانە ناکرێ بەبێ پشتیوانی لێکردنی هەندێک لایەنی حکوومی، پوولدار بکرێن و رابهێنرێن و بە چەند خاڵێکی پشکنیندا تێ بپەڕن".

لە درێژەی باسەکەیدا لە کتێبی (بارزانی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد) دەڵێت: "حکوومەت دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی پێنج کەسی بە سەرۆکایەتیی (حەمید عانی) بریکاری وەزارەتی ناوخۆ پێکهێنا، بۆ لێکۆڵینەوە لەم رووداوە، بەڵام ئەم دەستەیەش وەك دەستەکانی تر، سەفەری کرد بۆ باکوور، بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردەکان، کە ڕقیان بووەتەوە و زۆریان پێ ناخۆش بووە".

(١١) کەسی چەکدار بە بۆمبی دەستی (نارنجۆك) و تەقەمەنی هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستە فای بارزانی، پێشەوای کوردیان دا، لە بارەگای سەرکردایەتیی خۆی لە باکووری عێراق، بارزانی لەو هەوڵدانە بە بریندارییەکی کەم دەرچوو، بەڵام دووان لە پاسەوانەکانی کوژران و هەموو پیلانگێڕەکانیش لەنێو چوون. دوای بیستنی هەواڵی هەوڵدانەکە، سەرکردایەتیی قوتڕی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا، بروووسکەنامەیەکی بۆ بارزانی نارد و لەو بروووسکەنامەیەدا پێناخۆشبوونی خۆی سەبارەت بەم هەوڵە دەربڕی و پیرۆزبایی رزگاربوونی لێ کرد، لە بروووسکەنامەکەدا هاتبوو: « هەوڵدانەکە تەنیا مەبەستی ژیانی ئێوە نەبوو، بگرە مەبەستیشیان زیانگەیاندن بووە بە بەیاننامەی ئادار و لێکهەڵوەشاندنی ریزی نیشتمانیی گەلی عێراقیان، بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی، کە دەستدرێژیکاران لە بەغداوە هاتبوون و (دە) خاڵی پشکنینی حکوومەتیان بە دوو ئۆتۆمبێلی بارگاویکراو بە ئامرازی تاوان بڕی بوو، ئەوانە لە خەڵکی ناوچەکە نەبوون، لەبەرئەوە کاری لێکۆڵینەوە بۆ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار جێدەهێڵین و دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوەش لە هەر زانیارییەك پێیان بگات ئاگادار



ئەحمەد شوکری

لەو سەروبەندەدا دەبێت، کە رۆڵەکانی گەلی کورد دڵتەنگی و ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بەو کردەوەیە دەردەبڕن و ئیدانەی دەکەن، لە نێویشیاندا چەند شاعیرێك، بە چەند چامە و بە هۆنراوەکانیان وەڵامی دۆزمنانی گەلی کورد دەدەنەوە و هەوڵی پیلانگێڕی و هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی شەرمەزار و پرۆتستۆ دەکەن، بۆ نمونە، لەوکاتەدا ئەحمەد شوکری، ناسراو بە (دکتۆر شۆ)، کە شاعیر و ئەدیبێکی ناسراوی شاری سلێمانی دەبێ، بە ناوی (مژدە بۆ گەلی کوردستانی خۆشەویست)، شیعرێکی دوورودرێژ بەم جۆرە دەنووسێت، کە لێرە دا بە شێکی دەخەینە روو:

مژدەبێ لە گەل لە هەموو	کاکی مەزن ڕزگاری بوو
مستەفا هیچی بۆ نەبوو	پیلانگێڕی بێ ئابڕوو
خۆیان پێ گۆڕ بە گۆڕ بوو	
هات لە بەغدا زەمینەوە	(نۆ) کەس بەناوی دینەوە
بە مێزەر و ئاییەنەوە	بە لەشی ئاگرینەوە
بەخۆیانا تەقینەوە	
بخۆن ئاوا دەردیان بێ	ناپاك ئەبێ هەروای لێ بێ
دیارە چەپەڵ خۆی تووش ئەبێ	بەدخوو هیچی بە هیچ نابێ
دەخەڵ ئەبێ دەربەدەربێ	
لە خوێنی خۆیانا گەوزان	بەدەسی خۆیان خۆیان تۆپان
هەموو پوخڵە شەهیدکران	ڕووە و جەهنەم نێرادران
ئەمەش پاداشتی خائینان	
داوەشێ باشە ئەو لەشە	کە کرداری غەل و غەشە
لای وایە وا ئەکات گەشە	ڕەنگە نەزانێت ڕوو ڕەشە
پاشە ڕۆژیشی بێ بەشە	
مستەفا سەربەست بە و هەڕۆ	یەزدان ئەتپارێزێ ئەتۆ
دوژمنی تۆ نابات پەتۆ	بەدکردە خوا ئەیخات لە گۆ
هەر ڕاستی گرەو ئەباتۆ	
نەك تەنها بۆ کاکی ناودار	لەناو بەرن ئەی بەد ئەتوار
بۆ تێکچوونی یازدەی ئازار	ڕووداتەوە ئێش و ئازار
شەڕ و شۆڕ بێتەوە کار	
ئەو کارەساتەی کە کرا	ئەوی لەگەڵتا بوو کوژرا
فیدای تۆ بوو خوێنی پژرا	بە بێ تاوان شەهید کرا
قەت خوێنی ون ناکەین برا	
دوو لاوی شیرین زبانی	شەریف و سەلیم بارزانی
خزمەتگوزار بوون بە جوانی	نەك ئەوان کەس نەیدەزانی
لێ یان ئەبوو سبای پەنهانی	
ئیش نابێ بکرێ بە پەلە	خوێنیش بڕوا وەك جۆگەلە
لە دەس دەرناچێ ئەم هەلە	بە ڕزگار بوونت ئەم گەلە
لە خۆشیا کەوتە هەل هەلە	
قەت مەکەن کاری بێ ڕاوێژ	بەوردی بیکەن والا بێژ
تا چڵکاوخۆرانی خوێن ڕێژ	تەواو شوێنیان پێ بکەین لێژ
کەمترن لە لام لە (گوێ درێژ)	
باوەڕی من بە حەق وایە	مستەفا هیچی لێ نایە
ئەو گشتە شەڕ و بەڵایە	کە تووشی بوو لەم دونیایە
پاراستویە ئەو خوایە	
ئەو ئەو هەموو بگرەو بەردە	دووچار بوو لەم شاخ و هەردە
ئەو گشت فەلاکەت و دەردە	کۆڵی نەداوە بەم مەردە
دوژمن دە بەرۆکمان بەردە....	

دەکەینەوە ..چاوەڕوانی هەوڵ و تەقەڵاتانین.


ئێستگەی بە غدا- بەشی دەرەوە - ٤ی ئۆکتۆبەر.

لە کاتێکدا ڕۆژێمی بەغدا، لە ڕێگەی چەند مەلایەکەوە، کە هەموو گیانیان کەرەستەی تەقینەوە بوو، پیلانی کوشتنی (بارزانی)ی دانا، خودا زوڵمی ناحەق قبووڵ ناکات و زانیی بارزانی کوردپەروەر و خاوەن ئیمان و باوەڕە، کەرەستەی تەقینەوەکە بەسەر مەلاکاندا تەقییەوە و تەنیا بارزانی و دکتۆر مەحموود عوسمان بەشێوەیەکی سەرسوڕمان ڕزگاریان بوو. مەکتەبی سیاسی بریاری تۆڵە سەندنەوە و شەڕهەڵگیرسانی دا، بەڵام بارزانی ڕازی نەبوو شەڕ لەسەر ئەو بکرێت و دەڵێت: (ئەگەر لەسەر من شەڕ دەکەن مەیکەن، لەسەر کەرکووك شەڕ بکەنەوە). ئاوا ڕۆژێم ویستی لە ژێر پەردەی ئایینەوە، ئەو ڕابەر و سەرکردە و مرۆڤە کوردپەروەر و ئاشتیخواز و لە خودا ترسە لە ناو ببات، نەی زانی حەق و ڕاستی و عەدالەت لای بارزانییە .

هەروەها مامۆستا شێرکۆ بێکەس، شاعیری بەناوبانگی نەتەوەکەمان، بۆ ئەو پیلانە نەگریسە، بە هۆنراوە ناوەزە و پڕ بەرهەم و سۆزدارییەکەی، تووڕەیی و بێزاریی خۆی دەردە بڕێ و وەڵامێکی تووندیان دەداتەوە و خۆشەویستیی خۆی بەڕادەی بێ وێنە پیشان دەدات و سۆزی خۆی و گەل و نەتەوەکەی بەرامبەر بارزانی دەدرکێنێ.

مامۆستا شێرکۆ بێکەس، لە دیدارێکیدا سەبارەت بەو شیعرەی سالانی رابردووی کە بۆ بارزانی نووسیوە و ئەو کردەوە تیرۆرستییەی دەرهەق بە بارزانی ئەنجامدراوە، دەڵێت: لەو سەردەمەدا، تیرۆرکردنی بارزانی، یانی تیرۆرکردنی شۆڕشەکەی بوو، کوشتنی بارزانی، کوشتنی گەورەترین سیمبولی ئەوکاتە بوو. بۆیە منیش هەر دوابەدوای ئەو ڕووداوە، شیعری (بۆ بارزانی)م نووسی. ئەم بەرهەمە، قسە و بڕوای ناو دڵ و فیکری میللەت بوون و من کردبووم بە شیعر، لە وەرچەرخانە سیاسییەکانی سالانی دواتردا، زۆرجار لێیان ئەپرسیم، لەو شیعرەت پەشیمان نیت؟! من ئەوسا و ئێستا و بۆ داهاتوویش هەر ئەڵێم: نەخێر پەشیمان نیم، چونکە ئەو شیعرە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژگارە بووە، کە خۆم و میللەتەکەمی تێدا ژیاوە.

لەم بارەیەوە حەیدەر جەوهەر ئەحمەد، لە کتێبە بەنرخ و نایابەکەی خۆیدا بەناوی (ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی بارزانیی مستەفا لە شیعری چەند شاعیرێکی کورددا)، سالی ٢٠٠٩، بەم چەشنە دەنووسێت: شیرکۆ لە شیعری (بارزانی)دا، کە بە بۆنەی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی لە ڕۆژی ٢٩/٩/١٩٧١، بە هەستێکی نەتەوەییانە نووسیویەتی، خۆشەویستیی خۆی بۆ بارزانی، وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی ڕادەگەیەنێت. لە کاتێکدا شاعیر ستایشی بارزانی دەکات، ئەو ستایشە هەر لە ڕوانگە یەکی تاکە کەسییەوە نەبوو، بەڵکوو کۆدەنگیی لەسەر بووە، هاوکات شاعیر هەڵوێستی خۆی لە نێو بۆتەی شیعر بەرامبەر بە دوژمن ڕاگەیاندووە، ئەو شیعرەیشی بە تیرێکی ژەهراوی بۆ سەر دڵی دوژمن داناوە، هەروەك مامۆستا شێرکۆ خۆی دەڵێت: (پیاهەڵدانی من پیاهەڵدانی میللەت بوو، پیاهەڵدانی هەزاران هەزار پێشمەرگە بوو، لەو ڕۆژگارەدا ئەو شیعرە تیرێکی ژەهراوی بوو بۆ سەر دڵی دوژمن و گۆرانییەکی ڕاستگۆیانەی سەرزاری فراوانترین ڕووبەری جەماوەر بوو، کە تا ئەو ڕۆژە و تائێستەش وێنەی نەبینراوە) شیرکۆ لە سەرەتای شیعری (بارزانی)دا دەڵێت:



خۆشمان ئەوێی
بەقەد ڕقی شمشێری ناوچاوی ئەوان
خۆشمان ئەوێی
بەقەد پیتی داخ لە دڵی ناو ڕۆژنامە
زەردەکانی ئەو ساو ئەمڕۆ.
خۆشمان ئەوێی
بەقەد کینەی گوللە تۆپ و
کوێرە بۆمبا فڕۆکەیان.. خۆشمان ئەوێی
بەقە بێشەڵانی بوغزی سەری سونگی سوپاکانیان:
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد داوی پیلانی ژێر میزەر و جبەی پێراریان:
خۆشمان ئەوێی.
بەقەد.. بەقەد
ژمارەی چاوی جاسووسی سەروو و خواروو
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان.. خۆشمان ئەوێی.
چەندیان ناوەکەت خۆش ناوێ:
خۆشمان ئەوێی.
ئەمانەوێی،
وەك گوللە بۆ چەکەکانمان، ئەمانەوێی.
وەك چەك بۆ پێشمەرگەکانمان.. ئەمانەوێی.
وەکو پێشمەرگە بۆ کەژو کێوەکانمان .. ئەمانەوێی
بۆت ئەگەڕان، بینیانی:
چیرۆکێکی دەماودەم و لوتکەی شاخەکان:
ئەتگێڕنەوە.
لق و پۆپی درەختەکان بەگۆرانی:
ئەتلێنەوە.
بینیانی:
تابلۆیەکیت گڕ ئەتکێشێ و
خانەقین ئەتکا بە سنگی
کەرکووکەوە.
بینیانی: لەناو چاوی منالانی گوندەکانا،
بینیانی: لە ڕەشەبای هەردەکانا،
بینیانی: لە لافاوی چەمەکانا،
بینیانی ئەی بارزانی..

***

ئەی بارزانی:
لەگەڵتاین چۆن بنار لەگەڵ لوتکە دایە.
لەگەڵتاین، چۆن چاوت
لەگەڵ سەرنجتایە.
هەناسەت،
لەگەڵ سیتایە.
دەنگت،
لەگەڵ گەروتایە.
لەگەڵتایە
چۆن خەنجەرەکەت،
لەگەڵتایە
ئەی بارزانی...

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسووله ٠٢٦٢٤٣٩ بەرواری ٢٠١٩/٩/١١ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فریاد یاسین نادر وون بووه هەرکەسێك دۆزییەوه بیگەڕێنێتەوه شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسووله ٠١٢٧٣٥٥ بەرواری ٢٠١٩/٦/١٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نورالدین عمر محمد وون بووه هەرکەسێك دۆزییەوه بیگەڕێنێتەوه شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة الاحوال الشخصية في دهوك

العدد/٦٢١/ش/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٨

الى /المفقود اسماعيل بكر اسماعيل

م/ اعلان

اقام شقيقك المدعي (بنكين بكر اسماعيل) الدعوى المرقمة ٦٢١/ش/٢٠٢٠ امام هذه المحكمة طالبا فيها الغاء حجة الحجر والقيمومة المرقمة ٢٠١٣/١٤ في ٢٠١٣/٤/٢ والتي بموجبها تم وضع الحجر عليك ونصب زوجتك المدعى عليها الاولى (امل جعفر سليم) قيما عليك والحكم باثبات وفاتك وذلك لفقدانك منذ عام ٢٠٠٧ ومجهول مصيرك لحد الان عليه اقتضى اعلامك بذلك واعلام كل من لديه معلومات عن مصيرك مراجعة هذه المحكمة وتقديما وبعكسه سوف تصدر المحكمة قرارها باثبات وفاتك

القاضي / مروان عادل اسماعيل

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٢٩٦/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعو : محمود شكر فارس

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ليلى حسن سيدو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٢٩٩/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعوه : فريده شكر فارس

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ليلى حسن سيدو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٢٩٠/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعوه : عيده هادي شكر

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (كوري خدر فارس) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٣٠٣/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعو : شكر فارس خلي

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ليلى حسن سيدو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٢٨٥/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعو : عيسى هادي شكر

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (كوري خدر فارس) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٣٠٠/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعوه : هيفاء شكر فارس

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ليلى حسن سيدو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار

الموقع البديل في فايدة

العدد/٢٢٨٢/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

اعلان

الى المدعو : هادي شكر فارس

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (كوري خدر فارس) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / خالد هويدي وكاع

***

اعلان طلب بيان الاهتمام

هيئة الاستثمار- المديرية العامة للاستثمار في محافظة اربيل

رقم المناقصة: ٢٠٢٠/١/ الاشراف

المهمة الاستشارية: الاشراف الهندسي على تنفيذ المشروع السكني (نوبل تاور) في مدينة اربيل

تدعو هيئة الاستثمار/ المديرية العامة للاستثمار في محافظة اربيل المكاتب الاستشارية المؤهلة (الاستشاريين) الى بيان اهتمامهم في تقديم الخدمات الاستشارية (الخدمات) للاشراف الهندسي على تنفيذ المشروع السكني (نوبل تاور في نوبل ستى) الذى يقع ضمن حدود البلدية مدينة اربيل، و يتكون من انشاء بورجين سكنيين يارتفاع (٢٣) طابقا و من (٤٦٠) شقة سكنية مختلفة المساحات مع المرافق الخدمية مدة تنفيذ المشروع ثلاث سنوات وهى فترة تقديم الخدمات يجب على الاستشاريين المهتمين تقديم المعلومات التى تبين على انهم مؤهلون و لديهم خبرات لتنفيذ الخدمات معايير اعداد القائمة المختصرة هى:

* تقديم وثائق تؤكد التسجيل و بشكل اصولي في اقليم كوردستان قبل فترة لا تقل عن ٣ سنوات.
* تقديم ما يثبت انجاز الاشراف الهندسي علي تنفيذ المشاريع الانشائية المماثلة في الاقليم خلال الثلاث سنوات الماضية.
* تقديم ما يثبت علي توفر الكفاءات المهنية و الامكانات الفنية و الهندسية و الموارد البشرية اللازمة لاداء المهمة.
* تقديم الاعمال والخدمات قيد التنفيذ ان وجت.
* لايجوز لكل مكتب استشاري ان يقدم خدمات الاشراف لاكثر من مشروعين اثنين في ان واحد سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية رقم ٢ لسنة ٢٠١٦ التعليمات وهي مفتوحة لجميع الاستشاريين المؤهلين و بموجب اسلوب الاختيار المبني علي اساس الاقل كلفة و جودة مقبولة-least cost selection LCS المذكورة في التعليمات.

يمكن للاستشاريين المهتمين الحصول على المعلومات اضافية و شراء نسخة من الشروط المرجعية TOR للمهمة الاستشارية في ديوان المديرية العامة للاستثمار في مدينة اربيل من الساعة ١٠ صباحا لغاية الساعة ٢ بعد الظهر لقاء دفع مبلغ قدره ١٠٠,٠٠٠ دينار فقط مائة الف دينار غير قابل للرد.

يجب ان تسلم ابداء الاهتمام كتابة وفي ظرف مغلق الى العنوان المدون ادناه باليد قبل او في الساعة ١٢ ظهرا ليوم الثلاثاء المصادف ٢٠٢٠/١٠/١٣ اجور نشر الاعلان على الاستشاري الذي يحال عليه اداء الخدمة الاستشارية.

ديوان المديرية العامة للاستثمار في اربيل

مدينة اربيل – بجانب بناية رئاسة البلدية

رقم الموبايل/ ٠٧٥١٨٠٧٨١٣١

سامان عارب صادق/ مدير عام مدرية استثمار اربيل

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل

شؤون الاحوال

الواقعات

عدد/ ٦٠٧٤

تاريخ/ ٢٠٢٠/٩/١٥

اعلان

قدم المواطنة (هاوناز مهدى رحمان) طلب فى هذه المديرية تسجيل لقبه (هورمزيار) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى دعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء

رياض جندى عبدالكاظم

مدير العام للمديرية الاحوال المدنية

والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل

شؤون الاحوال

الواقعات

عدد/ ٦٠٨٠

تاريخ/ ٢٠٢٠/٩/١٥

اعلان

قدم المواطن (ريدار دلير خليل) طلب فى هذه المديرية تسجيل لقبه (هورمزيار) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى دعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء

رياض جندى عبدالكاظم

مدير العام للمديرية الاحوال المدنية

والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل

شؤون الاحوال

الواقعات

عدد/ ٦٦٠٣

تاريخ/ ٢٠٢٠/٩/٢٧

اعلان

قدم المواطن (راسا طاهر طيب) طلب فى هذه المديرية تسجيل لقبه (جاف) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى دعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء

رياض جندى عبدالكاظم

مدير العام للمديرية الاحوال المدنية

والجوازات والاقامة/وكالة

***

مديرية التسجيل العقاري العامة

مديرية التسجيل العقاري في كرميان

اعلان بيع عقار

التسلل و قم القطعة /١/٤٣

المحلة او رقم و اسم المقاطعة/ ١٠١/بنكرد

الجنس / ارض الدار مع بنانها مفرزة الى دارين للسكن بصورة غير رسمية

النوع / ملك مصرف

رقم الطابق /

رقم الشقة /

المساحة ٤٢ سم ٢٦٥م٢

المشتملات / ١- الطابق الارضي /ستة دكانين

الطابق الاول / اربع غرف ومطبخ وحمام و مرفق صحي

الطابق الثاني / بيتونة

٢- الطابق الثاني ، بيتونة

٢- الطابق الارضي /سرداب ودكان واحد

الطابق التول/ ثلاث غرف وهول ومطبخ وحمام ومرفق صحي

المزروعات والمفروسات / لايوجد

واردات المبيع اسنوية / ٨٥٠٠٠

الشاغل / مالك مع ايجار

مقدار البيع /٤٢ سم ٢٦٥م٢

ستبيع دائرة التسجيل العقاري في كرميان بالموزايدة العلنية العقار الموصوف اعلاه العائيد للواهن (محمودحمةصالح محمد) لقاي الطلب الدئن المرتهن (ستار ولي مجيد)، البالغ (١٨٠٠٠٠٠٠٠) مائة وثمانون مليون دينار

فعلى الراغب في الاشتراك غيها مراجعة هذة الدائرةخلال (٣٠)يوما اعتبار من يوم تالي لتاريخ نشر هذا الاعلان مستصحبا معا تامينات قانونية نقدية اوكفالة مصرفية لاتقل عن (١٠٪) من القيمة المقدرة للمبيع البالغة (٩٠٠٠٠٠٠٠٠)تسعمائة مليون دينار ، اوالزايدة ستجرة في الساعة (١٢)ظهر من يوم الاخر .

المدير/ اكرم رضا حسين

***

دادگای کەتنی تەق تەق

ژمارە/ ٨/کەتن/٢٠٢٠

بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٣

ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سالار قاسم حمه

لەبەر ئەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو بەپێی ماددەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان، ژمارە ١١١ سالی ١٩٦٩ و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای کەتن لە تەق تەق لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە و بەپێی یاسا.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای کەتنی تەق تەق

ژمارە/ ٩/کەتن/٢٠٢٠

بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٣

ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ڕێباز اکرم عمر

لەبەر ئەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان، ژمارە ١١١ سالی ١٩٦٩ و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پاڵپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای کەتن لە تەق تەق لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە و بەپێی یاسا.

دادوەر/ جاسم حمد رضا

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی

خانووبەرەی دووەمی هەولێر

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

ژمارە:٣٣٣

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١٦

جاردان سەر لەنوێ تۆمارکردنەوە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٩ پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواوی خانووبەرەی زنجیرە (١/٢٩٩٠) کەرتی (٦٤ طوبزاوە) بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارێتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەواڵەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

سامی حمد مجید

تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

***

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر

ئاگاداری

ژمارە: ٢٠٥

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٧

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (نوری محمد محمود) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پیشەسازی کەسنەزان) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.

دادنووس/ مسعود سلیمان علی

ئامێرەکان:

١- ئامێری ئاش (بۆ ووردکردنی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی ایران مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٦٠.

٢- ئامێری ئاش (بۆ ووردکردنی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٢٠.

٣- ئامێری شوشتن (بۆ شوشتن و وشك کردنەوە) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤٠٠.

٤- ئامێری ڕاکێشان (بۆ ڕاکێشانی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤٠.

٥- ئامێری هیتەر (بۆ تواندنەوەی پلاستیك) ژمارە/ ١٨١٢٢١١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٤٥٠.

٦- ئامێری بڕین (بۆ بڕینی داوی پلاستیك) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥٠.

٧- ئامێری تۆرنە (بۆ تیژکردن) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٣٠.

٨- ئامێری رافیعە (بۆ بڵندکردنی مەواد) ژمارە/ ١٩٠٣٠٦٠٢٨٤٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی گاز.

٩- ئامێری لەحیم (بۆ لەحیم کردنی ئاسن) بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٠.

***

کۆلێژی پەروەردە

سەرچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٤٠٦/٢/٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بۆ/ بەڕێز سیروان فاروق محمد بەناونیشانی

(ی. ڕاهێنەری وەرزشی) لەبەشی

(هۆبەی وەرزشی) لە کۆلێژەکەمان

ئاگادارکردنەوە

لەبەر دابرانت لە کار لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێتەوە سەر کارەکەت بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی عێراقدابی وە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراقدابی و بەپێی برگەی ٤ لەبەندی ٣٧ یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٧ لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنن.

پ.ی.د. سعید عمر ابراهیم

ڕاگری کۆلێژ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر

بەشی کاروباری کارگێری

ژمارە: ٩٠٥٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١

بۆ/ فەرمانبەری شارستانی بەڕێز

– هاوکار لقمان محمد/ بەناونیشانی

(ڕوپێو) لەبەشی ئەندازەی هاتووچۆ

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی لەڕێکەوتی (٢٠١٦/٦/١١) لە ئەرك و دەوامی فەرمی خۆی دابڕاوی ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستان بیت وە ماوەی ٣٠/سی ڕۆژ لەدەرەوە هەرێمی لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەرۆژنامەی خەبات پەیوەندی بکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دێنین.

عەمیدی مافپەروەر

دیدار عمر قادر

بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەولێر

***

الى عضو شركة (FORUM) للتجارة العامة و تجارة السيارات و تصدير-المحدودة

م/ تبليغ بالحضور

لمرور فترة طويلة على عدم عقد اجتماعات بخصوص كيفية ادارة امور الشركة وللضرورة على اجراء اجتماع لغرض تصفية شركة FORUM للتجارة العامة وتجارة السيارات استيراد و تصدير-المحدودة لعدم ممارسة الشركة نشاطها منذ اكثر من خمس سنوات لذا تقرر تعين يوم السبت الساعة العاشرة صباحا المؤرخ ٢٠٢٠/١٠/٣١ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشركة الكائن في زاخو المجمع التجاري والاتخاذ القرار بتصفية الشركة.

المدير المفوض للشركة

شڤان اكرم عبدالرحمن

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (نهرو احمد محمد ٥٪، عبدالخالق احمد محمد ٢٥٪ ایوب علی محمود ٥٠٪، سالار مجید عبدالله ٢٠٪) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (گ. نێرگز) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.

دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- دوو دانە ئامێری بائن فیلری ساردکەرەوە ژمارە ١- ٨Z/٦٥HK٦٠١٣١٣/١٧٠, ٢- ٣٨٠/١٢٠٠/٣٨٤٠ دروستکراوی ئەلمانین، مۆدێلی ١٩٩٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١- ١٥ K.W , ٢- ٢٥ K.W.

٢- ئامێری سرامەی وردکردنی پلاستیك , ژمارە ٨٧٣٣٧٦ , دروستکراوی خۆماڵی، مۆدێلی ١٩٩٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١٥ K.W.

٣- ئامێری کەتەری بڕینی پلاستیك , ژمارە ٨٩٥١٥ , دروستکراوی بلغاری، مۆدێلی ١٩٩٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١٠ K.W.

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (صلاح حمید محمد) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پیشەسازی باشوور) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.

دادنووس/ بۆتان کامیران میران

ئامێرەکان:

١- ئامێری دروستکردنی نایلۆنی پووشی موبەریدە،, بێ ژمارە , دروستکراوی ئەلمانی، مۆدێلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٣ K.W. بە سێ ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٧٦,٠٠٠,٠٠٠.

٢- ئامێری تیژکردنەوەی چەقۆ، بێ ژمارە , دروستکراوی ئیرانی، مۆدێلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢ K.W. بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٢,٥٠٠,٠٠٠.

٣- ئامێری وەبەرهێنانی کارەبا، ژمارە ٤٨٤٢٥٤٢١, دروستکراوی ئیتالی، مۆدێلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٦٠ K.V.A. بە تەولیدی میکانیکی و گاز کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٧,٥٠٠,٠٠٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سالار صلاح حمید) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پیشەسازی باشوور) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.

دادنوس/ بۆتان کامیران میران

ئامێرەکان:

١- ئامێری دروستکردنی پووشی موبەریدە،, بێ ژمارە , دروستکراوی سینی، مۆدێلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٩ K.W. بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠.

٢- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا, بێ ژمارە , دروستکراوی ئەلمانی، مۆدێلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢ K.W. بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٤,٠٠٠,٠٠٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هرانت رستم ارزومان) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای عنکاوە) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.

دادنووس/ بۆتان کامیران میران

ئامێرەکان:

١- دوو دانە ئامێری دروستکردنی قاوە ، بێ ژمارە , دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠٢٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢٢ ئەمپێر. بە کارەبا کاردەکەن،. نرخی ئامێر/ ١٧,٢٢٠,٠٠٠.

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە /٤٤١/ش/ ٢٠٢٠

رێکەوتی / ٢٠٢٠/٩/٢٨

راگەهاندن

بو / داوالیکراو: احمد حاجی خورشید

ل دیف داخوازیا داواکار (دیرسم حاجی محمود) وکێشا ژمارە (٤٤١/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی)ل (٢٠١٨/٦/١٨) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو ژمارە (٢١٦٧) ل (٢٠٢٠/٩/٢١) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (سیمالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/١٠/٨) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (نزار فقی ولی صالح و بارزان فقی ولی صالح) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پیشەسازی باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.
دادنووس/ بۆتان کامیران میران

ئامێرەکان:
١- ئامێری لحیمی نوکتە بێ ژمارە ، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٢، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٣٠ ئەمپێر. بە کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٢,٣٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری مقەستی کارەبایی، بێ ژمارە ، دروستکراوی ئێرانی، مۆدێلی ٢٠١٢، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٢٠. بە سێ ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٤٨,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری نەخش (حفر) کردنی پلێت، بێ ژمارە ، دروستکراوی ئێرانی، مۆدێلی ٢٠١١، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٧. بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٩,٨٠٠,٠٠٠.
٤- ئامێری کەتەری ئاسن، ژمارە ٢٨٢٥ ، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٨. بە یەك ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ١,٥٠٠,٠٠٠.
٥- سێ دانە ئامێری بەرهەمهێنانی کارەبا، ژمارە ١- ٠٢٢١٥٠١٣ ٢- ٣٤٠٣٢٣ ٣- E-٣٧٤٢٧٥٠ ، دروستکراوی ئینگلیزی، مۆدێلی ٢٠١٢، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای کارەبایی ١- K.V.A ٣٧ ، ٢- K.V.A ٣٧، ٣- K.V.A ٣٧. بە تەولیدی میکانیکی گاز کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ١٣,٠٠٠,٠٠٠.
٦- سێ دانە ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ، ١- ٧٦٦٠، بێ ژمارە، بێ ژمارە ، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٢، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.V.A ٢١. بە سێ ماتۆری کارەبایی کاردەکات،. نرخی ئامێر/ ٣,٦٠٠,٠٠٠.
٧- دە دانە ئامێری لحیم بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١١، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢٥ ئەمپێر بەکارەبایی کاردەکات نرخ/ ١٤,٦٠٠,٠٠٠.
٨- ئامێری رافعە بۆ بەرزکردنەوەی مەواد ژمارە/ ٢٢٠٩٦٩ دروستکراوی یابانی مۆدێلی ٢٠١١، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای ٣ تەن بەگاز و تەولیدی میکانیکی کاردەکات نرخ/ ٨,٠٠٠,٠٠٠.
٩- ئامێری لحیمی سەفەری بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای کارەبایی K.V.A٥ بەگاز و تەولیدی میکانیکی کاردەکات نرخ/ ٢,٠٠٠,٠٠٠.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعدی محمود عبداللە) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- لێدانی قوم لەجام ژمارە/ ١٩٠١٠١٢ دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٥.
٢- کۆمپرێسەری هەوایی ژمارە/ ١٧٠٥١١٨ دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- C.N.C دەرهێنانی نەقش لەسەرجام بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١. گەورە.
٤- لامینێت دانانی لاستیکی دژەسکان و کون کردن ژمارە/ BGB٦٨B دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٨ توانای K.W٤٠.
٥- تراشینی ڕۆخی جام ژمارە/ ١٨١٢٠١ دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٨ توانای K.W٧,٥.
٦- صاف کردنی ڕۆخی جام ژمارە/ ١٩٠١٠٧ دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨.
٧- شوشتن و ووشك و کەپس کردنی جام بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێلی ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
٨- C.N.C نەقش و برین و کون کردنی جام ژمارە/ ١٥٠٧٠٧٠٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١١.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بلند دەشتی اکرم) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (گ/ ئەندازیاران) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- مۆلیدەی کارەبایی گاز بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا و گاز توانای K.W٣٠.
٢- کەتەری عەدل و زاویەی P.V.C بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٣- کەتەری برینی چیتە ماسیکە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٤- لەحیم کردنی P.V.C بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٥- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٦- کەتەری عەدل و زاویەی ئەلەمنیۆم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W ٠,٧٥
٧- کەتەری برینی ئەلەمنیۆم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.
٨- نەرمادە و کیلۆنی ئەلەمنیۆم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٢٥.
٩- تەشریح کردنی حرف T ئەلەمنیۆم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کاروان احمد امین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی (١٥) ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- دوو میسکەری تێکەڵ کردنی پاککەرەوە بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانین مۆدێلی ٢٠٢٠ توانای K.W٢*٤,٥ ٥٠٠٠ لتری ٢*.
٢- تێکردن پاککەرەوە ئێرانی ژمارە/ ١١٢ مۆدێلی ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ کۆنڤایەر
٣- شرینگی بەسێت کردنی مەواد بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێلی ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٤- لێدانی بەرواری دەرچوون و بەسەر چوون ئێرانی مۆدێل ٢٠٢٠ کارەبا A١.
٥- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانین مۆدێلی ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٦- مۆلیدەی کارەبایی بەنزین بێ ژمارە دروستکراوی کۆری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی بەنزین توانای A١٠.
٧- خەزانی ئاو ٢٤٠٠٠ لتری بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠.

* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ٧٤/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣١
جاردان
بۆ داوالێکراو/ نوار خالد طه
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار/ نهاد ویسو بوظان داوای ژمارە ٧٤/ب/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای بری ٥٠٠٠٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار لە بری کارکردن لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ٥ی حەسارۆك/شاری زیلان بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت ڕابگەیێنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٩ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا

* * *

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلیژی ئەندازیاری/ سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە/ ١٤٠٠/٥٤/٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ بەڕێز نورس نزار خضر بەناونیشانی ئەندازیار لە بەشی پرۆگرامسازی لە کۆلیژەکەمان
ئاگادارکردنەوە اخطار
دوا بەداوی نووسراومان ژمارە ١٣٧٦/٥٤/٧ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠ تایبەت بەنەهاتنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١١ کە ڕێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی خوێندنتەوە دەست بەکار نەبوونەوەت لە کارەکەت تاوەکو ئێستا بۆیە داواکارین بە گەرانەوەت بۆ سەر کارەکەت لە ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوە هەرێم بێت بەپێچەوانەوە دەست بەردار دادەنرێت لە کارەکەت بەپێی برگەی ٢ لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بە ڕاژەکەت دەهێنرێت.
م.ی.بنیاد معروف عبدالقادر
راگر بە وەکالەت

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا/ ٩٦١/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٥
بۆ تۆمەتبار کراو/ عبداللە حبیب امین کیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادە نەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ٩٦١/ك/٢٠١٩ وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٢١ لە یاسای هاتوچۆ حوکم درا بە سەرتا بە غەرامەکردنت بەبری ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەگوێرەی بەشی ١/٢١ لە یاسای ژمارە ٢ سالی ٢٠١٨ هەموارکراو وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی اعتراضت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ د. نەرمین ابوبکر محمد

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارەی داوا/ ٣٥٦٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣١
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ الفایا ماریادی
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤١ لە یاسای ژمارە ٧٦ی سالی ٢٠١٧ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریی کراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە/ ١٣٥/ت/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو بروا فتح اللە حسین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤١٢ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارماندا لەرۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبێت یان خۆت بگەیێنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمود

* * *

دادگای تاوانەکان سلێمانی/٣
ژمارەی داوا/ ١٤٥٩/ت/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو کمال اکرم جعفر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٢١ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی ب.پۆلیسی ماکۆك وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیێنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عمر احمد محمد احمد

* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە/ ١١٢/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٩
ئاگادارکردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ جلال تحسین
حمدین ناونیشان / نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ١١٢/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاریکراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبێت لە دادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٣ لە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لەسەر کێشەی ژمارە ١١٢/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی ١/٢٣ لە یاسای هاتوچۆ بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەرپرسیاری بەرامبەر یاسا.
دادوەر/ أبوبكر مولود عبدالله

* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە/ ١٠٠/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگادارکردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ قیس خاف
ظاهر ناونیشان / نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ١٠٠/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاریکراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبێت لە دادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ لە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لەسەر کێشەی ژمارە ١٠٠/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەرپرسیاری بەرامبەر یاسا.
دادوەر/ أبوبكر مولود عبدالله

* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە/ ٦/ك/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٦
ئاگادارکردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ لطیف شهاب
احمد ناونیشان / نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٦/ك/٢٠٢٠ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاریکراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبێت لە دادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢ لە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لەسەر کێشەی ژمارە ٦/ك/٢٠٢٠ بەپێی ماددەی ١/٢٣ لە یاسای هاتوچۆ بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەرپرسیاری بەرامبەر یاسا.
دادوەر/ أبوبكر مولود عبدالله

* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە/ ٩٣/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگادارکردنەوە
ناوی تۆمەتبار/ کاروان نامق حمە
کریم ناونیشان / نادیار
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٩٣/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکالاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاریکراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبێت لە دادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢ لە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لەسەر کێشەی ژمارە ٩٣/ك/٢٠١٩ بەپێی ماددەی ٧ لە یاسای توندو تیژی خێزانی بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەرپرسیاری بەرامبەر یاسا.
دادوەر/ أبوبكر مولود عبدالله

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە/ ٤٣٤/ت/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٥
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو هیثم عیدان اسماعیل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارماندا لەرۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبێت یان خۆت بگەیێنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمود

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ٨١٦/ب/٢٠١٣
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٩/٢٢
ئاگەهداری
لدیف بریارا مە یا ژمارە ٨١٦/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٣/١٢/٢ لدور ژ ناڤبرنا بەهرا ازالە شیوع ژ ئاقاریٚ ژمارە ٤/١٤٨٣ کەرتیٚ ١٣ تلکەبەر کو سەخلەتێن ویٚ لخواریٚ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماویٚ ٣ ڕۆژا دا دەست پێدکەت ژ ڕوژا دی یا بەلاڤکرنیٚ د دوو روژنامێن ڕۆژانە دا و هەر کەسیٚ بڤێت پشکدار بیت دڤیٚ لسەر زێدەکرنیٚ دا بلا سەرەدانا ڤیٚ دادگەهیٚ بکت داکو ٥٪ ژ کوژمیٚ پیٚ هاتی بدت ئەو ژی ٤٩٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەییٚ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمیٚ ڤیٚ ئاقاری دیٚ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنیٚ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی ل ڕوژا پاشتر دیٚ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
سەخلەت:
جۆریٚ ئاقاری مولکینی و ڕەگەزیٚ ویٚ عەردە عرصە ڕووبەریٚ ویٚ ٩٥٢٢,٦٠م٢ و دویرە ژ سەنتەری باژێری زاخو و هندەك خزمەتگوزاری لیٚ هەنە وەکو ئاڤ و کارەب.

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا مسیریکیٚ
بەشیٚ کارگێری و خۆیەتی
ژمارە/ ٣٠/٢٣٩/٣٠/ ٢٧٦
مێژوو/ ٢٠٢٠/٩/١٦
بو فەرمانبەر الینا ایشو زیا
ترساندن
ژ بەر هێلانا تە لسەر کاریٚ خو ل ڕوژا ٢٠١٥/٩/١٣ ئەم ئاگەهداریا تە دکەن کو دەست بکاریٚ خو بکەی ژ ڕوژا بهێیە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بو دەمیٚ ٧ ڕوژا ئەگەر تو ل سنوریٚ هەرێمیٚ بی و ئەگەر دەرڤەی سنوریٚ هەرێمیٚ بی بو دەمیٚ ٣٠ ڕوژا بەروڤاژی دیٚ هێیە دەست ژ کێشان ژ کاری ل دویف برگا ١ ژ بەندیٚ ٣٧ ژ قانونا باژێری ژمارە ٢٤ سالا ١٩٦٠ ییٚ ڕاستکری بو زانین.
ئەندازیار/ مصطفی عبداللە عثمان
سەروکیٚ باژێرڤانیا مسیریکیٚ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٠٣٤٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فرشاة الصباغ) بۆ
(چاپی ژمارەیی و بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فرشاة الصباغ) بۆ (چاپی ژمارەیی و بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دلال عبدالعزیز شمس الدین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (فرشاة الصباغ) بۆ (چاپی ژمارەیی و بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ دلال عبدالعزیز شمس الدین
ناونیشان/ اربیل/ ایطالی ٢
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٦١٩٠٨

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (روهیڤ) بۆ (بازرگانی گشتی وبازرگانی بەروبومی ئاژەلیٚ وسپیاتی - هێنان وبردن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانییٚ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانییٚ هەبیت بلا ددەمیٚ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێریٚ دهوکیٚ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / نعمت شعبان یوسف
ناڤ ونیشان / دهوك - شندوخا
ژمارا موبایلیٚ / ٠٧٥٠٤٥٧٥١٢٥

مەحمود باجەلان:

پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵان دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون

پەروەردە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی ئادەمیزادە هەر لە دایکبوونەوە تا کۆتایی تەمەن



سازدانی: ڕۆستەم خامۆش

چەند گرنگ و پڕ بایەخە، کەسانێ هەبن خەم لە نەوەکانی دواڕۆژی نیشتمان بخۆن و دڵسۆزبن بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باش بکرێن و ئاشنابن بە کەلتووری نەتەوەکەی خۆیان، پاشان وەك تاکێکی هۆشیار و پێگەیشت و بە جوانترین شێوە بیانکەن بە خەڵات و دیاریی بۆ کۆمەڵگەکەیان و بۆ ژیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ئایندەدا بە پاکیی و دڵسۆزیی و وەفاداریی خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن. دەربارەی پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵان، بە پێویستیان زانی ئەم دیالۆگە لەگەڵ نووسەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەڕێز «مەحمود باجەلان» سازبکەین.

• لە کەیەوە پەروەردەی منداڵ دەستپێدەکات، یان لە کام ڕێگەو لە چ شوێنێکەوە هەنگاوی بۆ دەنرێ؟

- ئەگەر پێش لەدایکبوونیش هەژمار نەکەین, کە قۆناغێکی گرنگ و چارەنووسسازە بۆ منداڵ لە بنەماکانی پێکهێنانی منداڵدا، ئەوا قۆناغی منداڵیی ئەو ماوە زەمەنییە دەگرێتەوە کە لەساتی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا مرۆڤ دەگاتە ئاستێکی پێگەیشتوو و لەبار، و لەبنەماکانی مافی منداڵیشدا چەسپاوە کە تا تەمەنی هەژدە ساڵیی هەر بە منداڵ دەژمێردرێت. کەواتە پەروەردە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی ئادەمیزادە هەر لە لەدایکبوونەوە تا کۆتایی تەمەن. بێگومان لەقۆناغی منداڵیشدا کاریگەریی زۆر زیاتر و پێویست تر، چونکە سەرەتاکانی پێکهێنانی کەسایەتیی و مەعریفیی و سەرجەم لایەنەکانی گەشەی تێدا ڕوودەدات, بەتایبەت تر لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەندا، بۆیە ناکرێت بەهیچ جۆرێک ئەوە لەیاد بکەین.

• پەیوەندی و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبیات و پەروەردەی منداڵان چۆنەو چیبە؟

- پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵان دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون، بگرە پەروەردە پشتبەستوویەکی سەرەکییە بە ئەدەبیاتی منداڵان و لەڕێگەی چیرۆک و هۆنراوە، شانۆ، ئۆپەرێت و هەر شێوازێکی تر, دەکرێت پەیامە پەروەردەییەکان بگەیەنرێت و زۆر کاریگەریشە لەسەر منداڵ, بە ڕووەکەی تریشدا ئەدەبیاتی منداڵان زۆر گرنگە لەسەر بنەمای پەروەردە و لایەنە ئەرێنییەکانی گەشە جۆربەجۆرەکانی منداڵ بنیات نرابێت و ڕەچاوی تەمەن و ئاست و پێگەیشتنی منداڵان کرابێت و هاوتا بێت لەگەڵ بنەماکانی مافی منداڵ و ڕێککەوتنە پەروەردەییە جیهانییەکان.

• بە دید و تێڕوانینی بەڕێزت، لایەنیی پەروەردە توانیویەتی وەک پێویست سوود لە ئەدەبیات وەربگرێ بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵان؟

- ئەگەر چاوێکی خێرا بە کتێبەکانی خوێندنداً بخشێنین و هەڵسەنگاندنێکی واقعی بۆ شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا و ڕادەی گرنگییپێدانی و لێتێگەیشتنی خودی مامۆستایان بۆ ئەدەب و بەتایبەتی ئەدەبیاتی منداڵان بکەین، زۆر بەڕوونی ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە گرنگیپێدان بە ئەدەب چەند لاوازە لە دروستکردنی حەزی خوێندنەوە ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر خۆشویستنی وشە و زمان و دەربڕین و ناسینەوەی گۆڤار و نامیلکەی تایبەت بەمنداڵان, کەواتە لەئێستادا بەداخەوە لەپەروەردەی ڕۆڵەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆ بە ئەدەب لەپەروەردەدا بەرچاو ناکەوێت, ئەوەی هەشە پێداچوونەوەیەکی زۆر وردی دەوێت, چونکە زۆرێک لەو شیعر و چیرۆک و پەخشانانەی دانراون لەکتێبەکان زۆر کرچ و کاڵ و بێ ناوەڕۆک و بێ هێزن و هەندێکیشیان خاوەنەکانیان نەناسراو و نادیارن.

• لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە, چۆن دەڕوانیتە شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان؟

- ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ئاوێتەبووی هەست و دەروونن و کاریگەرییان بەپێی ناوەڕۆکی بابەتە ئەدەبییەکە هەیە لەسەر تاک، بۆ نمونە چیرۆکێکی پەروەردەیی ناڕاستەکراوی مەبەستدار دەکرێت بابەتێکی گرنگ بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتار, یاخود هۆشیارکردنەوە, یان هەر مەبەستێکی تر, وەک خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا لە زۆر شوێندا بەچیرۆک ئاڕاستەی بەندەکانی خۆی دەکات.

• شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان, کاتێ کە بۆ منداڵ دەنووسن, پێویستە ڕەچاوی چی بکەن تا سەرکەوتوبن؟

- بەڕاستی خاڵێکی زۆر گرنگرە کە ئەوانەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ نووسین لە بواری منداڵاندا شارەزاییەکی باشیان لە قۆناغەکانی منداڵیی و جۆرەکانی گەشەی منداڵ و ئاستی تەمەن و وەرگرتنی مەعریفەی منداڵاندا هەبێت, چونکە بێ ئەو شارەزاییە ئەوەی دەنووسرێت ناتوانرێت بە پێی تەمەن و ئاستی منداڵان پۆلێن بکرێن و ئاڕاستە بکرێن, پاشان دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەدەبیاتی منداڵان مەرج نییە هەرشتێک بێت بە زمانی سادە یان گیاندارانی یان شتێ لەو بارەوە نووسرابێ, هەروەک پێشتر وتمان پۆزەتیڤی لە مەبەست و ڕەچاوکردنی پەروەردەی ئەرێنی و قۆناغی منداڵ زۆر گرنگن و نابێت



نووسەری بواری منداڵان پشتگوێی بخات.

• وەکو دەزانین شیعر و چیرۆکی زۆر هەن لەنێو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکاندا, تا چەند بە پێویستی دەزانی, پێداچوونەوەی بۆ بکرێ, یان گۆڕانکاریی و دەستکاری بکرێن بە ڕەچاو کردنی هەردوو لایەنی (پەروەردە و دەروونناسی), بۆ ئەوەی ئەگەر کەم و کوڕییەک, یان هەڵەیەک هەبێ چاک بکرێن و زیاتر گونجاو بن لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی سەردەم؟

- پێشتر ئاماژەمان بەم خاڵەدا و لێرەشدا جەخت لەوە دەکەمەوە چ کتێبەکانی خوێندن و بەتایبەتی کتێبەکانی زمانی کوردی لە ئاستێکی خراپدان لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکیشەوە و بەدڵنیاییەوە پێداچوونەوەیەکی شارەزایانەی وردی پێویستە هەر لە دیزاین و وێنەو هەڵبژاردنی یەکەکانی بابەتەکان و بابەتی ئەو نووسەرانەی کە دیار و سەرکەوتوون, ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ئەو گۆڤار و نامیلکانەش کە بۆ منداڵان دەنووسرێن گرنگە ساڵی تەمەنی منداڵانی تیا دەستنیشان بکرێت تا دایکان و باوکان بتوانن و بزانن بۆ چ تەمەنێک دەست دەدات و پێویستە بخرێتە بەردەستیان.

• بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو, دەبێ لە پەروەردەی منداڵەوە دەستپێبکرێ, بە ڕای بەڕێزت چی بکرێ باشە, یاخود چی بە پێویست دەزانی کە باسی بکەیت و دوا وتەت چییە و لە کۆتایی ئەم دیانەیەدا دەتەوێ بڵێی چی؟

- دەخوازم ئەو دەزگایانەی کە ئەرکیان پەخش و چاپکردنە هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە بۆ ئەو بەرهەمانە بکەن کە بڵاوی دەکەنەوە و فلتەرێکی وردیان هەبێت کە وابێت هەموو بەرهەمێک نەچێتە ناو خەڵکەوە تا لە ئاست و ناوەڕۆکەکەی دڵنیا نەبن, چونکە بەڕاستی ئەوەی ئێستا هەیە زۆر بێ فلتەر و هەڵسانگاندنە, هەروەها هیوادارم ئەدەبیاتی منداڵان بکرێت بەبەشێکی سەرەکیی پەروەردەی منداڵ هەر لەخێزانەوە تا هەموو قۆناغەکانی خوێندن, چونکە داهاتووی نەوەکانمان بەندە بەڕادەی حەزیان بۆ خوێندنەوەو چێژ وەرگرتن لەخوێندنەوە.

پرۆفایل:

- ناوی مەحمود عەبدولکەریم قادر ناوخاس, ناسراو بە مەحمود باجەلان.
- لە دایك بووی١٩٧٤/٩/١٣
- دەرچووی پەیانگای پێگەیاندنی مامۆستایان/ سلێمانی لە ١٩٩٦-١٩٩٧
- بروانامەی دبلۆمی لە زمانی کوردی پێداڕاوە بە پلەی نایاب.
- پیشە: سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/ زمانی کوردی- پەروەردەی ڕۆژهەڵات- سلێمانی.
- بەرپرسی پەروەردەی ڕۆژهەڵات- سلێمانی.
- ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبی (خوێندنی کوردی) پۆلی یەکەم، کە ئێستا لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ.
- یەکەم نووسینی لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری پەیامی ڕاستی بڵاوکردووەتەوە لە ساڵی ١٩٩٤
- بەرپرسی پەیانگای پێگەیاندنی مامۆستایان/ سلێمانی لە ١٩٩٦-١٩٩٧
- بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (تانجەرۆ) بووە لە ساڵی ٢٠٠٨
- لە گۆڤارەکانی: (زانستی سەردەم، ئاراستەیی پەروەردەیی، ژیار) چەندین بابەتی بڵاوکردووەتەوە.
- کتێبێکی بەناونیشانی (لە پێناو پەروەردەیەکی باشتر) لە ساڵی ٢٠١٧ چاپکردووە.
- ئەندامی لیژنەی دانانی کتێبی (خوێندنی کوردی) پۆلی یەکەم، کە ئێستا لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ.

ئەحلام موستەغانمی:

ئەدەب ئەوەیە نووسەر بەر لە هەموو شتێک شەرم لە خۆی بکات

بۆتان جەلال



ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی جەزائیریە, باوکی ناوی (محەمەد ئەلشەریف)ە, یەکێك بووە لە وانەی بەشداری شۆڕشی جەزائیریان کردووە دژی داگیرکەرانی فەرەنسی, ئەحلام لە ١٩٥٣/٤/١٣ لە شاری قوستەنیە لە جەزائیر لە دایك بووە, سەرەتای چونە ناو بواری ئەدەبی و ڕاگەیاندنەوە بە کارکردن لە ئێزگەی نیشتمانی دەست پێ کردووە, پاشان وەك شاعیرێکی نوێخواز و بەرگریکار لە مافی ئافرەت دەرکەوتووە, لە حەفتاکان ڕوو دەکاتە فەرەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت, خێزانداره و شووی بە ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی کردووە, گرنگترین کتێبە چاپکراوەکانی ئەم نووسەرە (ژاکرە الجسد)ە کە ناوداریەکی زۆری پێ پەیداکرد و خوێنەرێکی یەکجار زۆر ئەم کتێبەیان خوێندۆتەوە.

کێشەی نووسەری ئافرەتی عەرەب لەوە دا خۆی شاردۆتەوە, خۆی تاوان دەرهەق بە خۆی دەکات, بە تەواویش درك بەو تاوانە ناکات کە ئەنجامی دەدات, خۆی لە جیاتی خەڵکی دیکە ڕووت دەکاتەوە, لە کتێبەکانیدا قسەی بێزەوەر و نابەجێی وەها دەنووسێت کە خەڵکانی دیکە جورئەت ناکەن ئەو قسانە بخەنە سەر کاغەز, یان ڕەنگە ئەوان نازانن وەك نووسەرەکە بەو شێوە نا ڕەوشتییە هەڵسوکەوت بکەن و ئەسڵەن هەست بەو تەرحەش هەر ناکەن, کەچی نووسەری ئێمە زۆر بەسانایی قسەی ئەلەق و بەلەق دەخاتە بەر دیدی خوێنەر.

زۆر خەتەرناکترە کە نووسەرێکی ئافرەت لە کتێبێکدا کە خۆی خاوەنییەتی باس لە ڕووت بوونەوەی جەستەی خۆی بکات لەوەی لە واقیع و لەبەرچاوی هەموو پیاوانی دنیا دا جل و بەرگی خۆی ڕامالێ و بە ڕووتی حەورەتی خۆی نیشانی خەڵکی بدات, چونکە ئەو کە ئەو کارە دەکات, ئاگادار نیە لە هەمان کات جل و بەرگی پیاوان و هەموو کۆمەڵگەکەشی دادەکەنێ و عەیبە و شوورەییەك سەرتاپا و هەموویان دەگرێتەوە و چێژ و زەوقی گشتی دەشێوێنێ.

ئەو کە خۆی بەو شکل و شێوە نیشان دەدات, تەنها کەشفی ئەسڵ و مەعدەنی خۆی نمایش دەکات, نەوەك تەنها قسە و بەرهەم دەخاتە بەر چاوی خوێنەرانی, گەورەیی مرۆڤ و داهێنانەکانی بە ڕەوشتە بەرزەکەیەوە بەندە نەك بە قسە ڕووت و قووتەکانی.

من گەر هاتوو ئەدەب و قەڵەمەکەم بە شەرم و ڕەوشتەکەم پابەند نەکەم, هەرگیز داهێنان لە قسە و باسی سێکس و وشەی سوقی و پووچەکان نادۆزمەوە, زیرەکی داهێنان لە (زمان) دایە, بەو زمانە شیرین و خاوێن و بەها گرانە نووسەر دەتوانێ خوێنەرەکانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و واش بکات هەموو زانیاری و بۆچوونەکانی خۆیشی لە یەك نووسین و بەرهەم دا بە سانایی نەخاتە بەر دەست خوێنەرەکەی, دەبێ لە خوێنەرەکەی زیرەکتر و کاملتر بێت کە زوو بە جیهانی تایبەتی خۆیەوە ئاشنای نەکات, پێویستە ڕووبەرێك بۆ خەیاڵ کردن و هزر و جوڵاندنی بهێڵێتەوە, بواربێك بۆ واهیمەبوونی بدۆزێتەوەکە بەشداری تەرحی بابەتەکانی بکات و هەردووکیان گەشتی وردی ناو دەقەکە ئەنجام بدەن و پێکەوەشی بگەنە کۆتاییەکی ماقوول.

من لەو بڕوایە دام خوێنەر وەختێك ڕێز لە نووسەرەکەی دەگرێت کە بزانێ ئەویش ڕێزی لێ دەنێت, ناشێ نووسەر گاڵتە بە ئەقڵیەتی خوێنەر بکات و بە گەمژەی لە قەڵەم بدات, چونکە خوێنەران لە جیاوازی بۆچوون و فیکر و ئایدۆلۆژیە جیاوازەکانی نووسەرانیان دەبەخشن کاتێك جیاوازییەك لە نێوانیاندا پەیدا ببێ, بەڵام مەحاڵە لە ناڕاستگۆییەکانیان چاو بپۆشن.

جا چۆن ئافرەت دەکرێ و بۆی هەیە ڕاستگۆ بێت لە کاتێکدا دەوروبەری بە ترس تەنراوە و هەموو دەم و لە هەموو شتێك دەترسێت؟ بۆیە نووسین تا ئێستاش بە گەورەترین سەرکێشیەك هەژمار دەکرێت کە ئافرەت پەنای بۆ دەبەن, بەڕاستی ئەوە موجازەفەیەکی سەیر و ترسناکە, مەشقێکی ڕۆژانەیە بۆ بەدەست هێنانی ئازادییەکانیان, ئازادیش لای من تەنها ئەوەیە کە چۆن سەربەست بم لە هەڵبژاردنی کۆت و زنجیرەکان, نەك ئازاد بم لەوەی چۆنم بوێت و بێ بیرکردنەوە لە کۆتەکان, بنووسم لە (لەبیر چوونەوە) و هەموو ئەو بابەتانەی نووسیومن, بەر لەوەی لە ڕووی زمانەوانییەوە بیانگەیەنمە پۆپ و لوتکە, لە هاجس و هەست و نەستەکانم ورد دەبمەوە و سنووریان بۆ دادەنێم, چونکە بێ هەست و نەست و خرۆشاندنێکی جوان و ڕاستگۆیانە, ناتوانین ببینە قەڵەم بە دەستێکی ڕاستیژ و لەبەرچاوان جوان و پڕ لە کەسایەتییەکی بەهێز.

زۆرم پێ سەیر و غەریبە, هەندێك تەنها و یەکسەر لە ناونیشانی کتێبەکانمدا بڕیاری ئەوەیان لەسەر داوم کە من یەکەم نووسەری عەرەبم ڕاستەوخۆ باس لە سێکس و ڕووت بوونەوەی جەستەی ئافرەتان دەکەم, لەمەش هیچ تاوانێك نابینم, بەڵام هەڵە و تێکەڵی و پێکەڵییەکی زۆر هەیە پێم باشە بۆ ئەو جۆرە کەسانە ڕوونکردنەوە و بەرچاو ڕۆشنیەك بدەم, بۆ نمونە کتێبی (ژاکرە الجسد) کە بەربڵاوترین کتێبی منە, تەنها یەك دیمەن لە نێو چیرۆکی ئەو کتێبەدا (ماچ)ی تێدایە, ئەویش ماچێکی پڕ لە شەرم و حەیاکردن, ئەو ماچە نەمرییەکی زۆری تۆمار کرد و لە بیر و خەیاڵێ خوێنەرانی ماوەتەوە و لەو قەناعەتەشدام تاکو ئەدەب بمێنێ, دیمەنی ئەو ماچە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و نرخی خۆی دەبێ.

ئەوانەی لە نووسینی بابەتی سێکس نزیك دەبنەوە, یاخود لە دەروبەریدا دەخولێنەوە, دەبێ بە شاعیریەتیەکی ناسك و ڕاستگۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو باسە هەستیارە بکەن, ئەگەر دەیانەوێت کتێبەکانیان بگاتە ناو ماڵی هەموو کەسێك وەهەیە زۆر بە پەرۆشەوە بە دوای نووسینی سێکسی کەوتووە و بە زەقی و ناشیرینەوە دەیخاتە سەر لاپەڕەی نووسینەکانی و هەزارەها خەڵکی خوێنەواری پێ چەواشە دەکات, ئەمانە بەڕاستی کارێکی نامرۆڤانە و نا تەندروست ئەنجام دەدەن, خەڵکی شەرم دەکات قسە بێزەوەرەکانیان بخوێنێتەوە هەتا ئەگەر خۆیشی بەتەنیا لە ژووورەکەی خۆیشی دا بووبێت هەروەك گەورە فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) دەیڵێ:

(ئەدەب ئەوەیە کە تۆ لە پێشەوە شەرم لە خۆت بکەیت).

گەورە ڕۆمانnووسیی فەرەنسایی فرنسواز ساغان کە نووسەرێکی ناوداری ئافرەتە و زیاتر لە (٦٠) ڕۆمانی چاپکراوە و شوهرەتێکی نێودەوڵەتی لە دنیا دا هەیە, زۆر تەوەری حەساس دەوروژێنێ, کەچی لەو هەموو ڕۆمانانەیدا یەك دیمەنی سێکسی ناکەوێتە بەرچاوت, لە کاتێکیشدا خوێنەرێکی یەکجار زۆری لە هەموو دنیا دا پەیدا کردووە!!

کەچی لای ئێمە نووسەرانی عەرەب کە تازە لەسەرە ڕێگادان, یەکسەر بۆ ڕووژاندن و ناودەرکردن پەنا بۆ نووسینی بابەتی خلاعی دەبەن و وا دەزانن بەو قسە و باسانە خوێنەر دروست دەکەن و خەڵك لە خۆیان کۆدەکەنەوە.

ئەمانەی کە بەم چەشنە هزر دەکەن و دەنووسن زۆر دوور ڕۆیشتوون, لە کارەسات و فەزاحات نزیکترن لەوەی ناودارێك وەدەست بهێنن و یەك هەنگاویش بەرەو نەمری نارۆن, نەمری شتێکی دیکەی جیاوازە, ئەوانە نەمرن و هەمیشە لە خەیاڵ و ویژدانی خەڵکیدا زیندوون کە حیساب بۆ بڕیاری مێژوو دەکەن, باوەڕیشیان بەوە هێناوە کە ئەرکی نووسەر پاراستنی ڕەوشت بەرزی تاکی کۆمەڵە و خاوێن ڕاگرتنی چێژ و سەلیقەی خوێنەرەکەی و بەرامبەر بە کۆمەڵگە و نەتەوەکەی ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە.

75ساڵ دوای دامەزران ..

UN75 2020 AND BEYOND | SHAPING OUR FUTURE TOGETHER

ئایا جیهان چیتر پێویستی بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە؟



ئا : هەندرێن شێرزاد

رۆژی 24 ی تشرینی دووەم 75 ەمین ساڵیادی دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و رۆژی 21 ی ئەیلول ئەنجومەنی گشتی رێکخراوەکە بە بەشداریی سەرۆکی ژمارەیەك وڵات کۆبوونەوەیەکی لە رێی ئینتەرنێت ئەنجام دا و هەر ئەو رۆژەش تەبەنای راگەیەنراوێکی نێودەوڵەتی لە ژێر ناونیشانی (ئەو ئایندەیەی دەیخوازین و ئەو UN ەی پێویستمان پێی هەیە) کرا کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێ ئەندامان پێکەوە پابەندی بنەمای فرەیی بین ،ئەگەرچیش مانگی تەموزی رابردوو بە کۆی دەنگی ئەندامان و دوای ژمارەیەك هەموارکردن رەزامەندیی دەربارەی ئەم راگەیەنراوە دراوە بەڵام ژمارەیەکی زۆری خەڵك و تەنانەت وڵاتانیش لە سەرتاسەری جیهان ئێستا بەچاوی گومانەوە دەڕوانە ئەم رێکخراوە.

75 ساڵ لەناو تەرازوودا

لەگەڵ گەیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەمەنی 75 ساڵ ، ڤایرۆسی کورۆنا بۆ جاری یەکەم لە مێژووی رێکخراوەکەدا بووە رێگر لەبەردەم کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی گشتی لە شاری نیویۆرك و گێرانی ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە ، ئەجێندای ئەو کۆبوونەوەیەش کە لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەنجام درا بریتی بوو لە بابەتەکانی وەك فرەیی و کاردانەوەی جیهان بەرامبەر ڤایرۆسی کورۆنا و گەشەکردنی بەردەوام و گۆڕانی کەشوهەوا و فرەجۆریی بایۆلۆژی و داماڵینی چەکی ئەتۆمی. بەڵام بە رای زۆر کەس تەنیا بابەتی ئەم ڤایرۆسە دەریخست کە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك جاران ئاکتیف نیە ، بەڵکو توانای رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هاریکاریی نێودەوڵەتی نیە ،کە حاڵی حازر جیهان زۆر پێویستی پێی هەیە. لە راستیدا ئەم رێکخراوە تەنانەت نەیتوانیوە ئەو ئامانجانەش بێنێتە دی کە لە چارنامەکەیدا ئاماژەی پێ داون ، لەوانە : پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پێشخستنی پەیوەندیە ئاشتیخوازەکانی نێوان وڵاتان و هێنانەدی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی جیهان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان. لە لایەکی دیکە ، ئەنجومەنی ئاسایش کە گرنگترین بەشی نەتەوە یەکگرتووەکانە ، تا رادەیەکی زۆر خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو پەتایە دوور گرتووە، هەروەها رێکخراوی تەندروستی جیهانیش نەیتوانی رۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینێ. بەمەش دەرکەوت کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رێکخراوە نیە کە جیهان پێویستی پێیەتی.

درێخیکردنی بەر دەوام

بە گوێرەی بۆچوونێکی ریچارد هاسی سەرۆکی سەنتەری ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان – دەزگایەکی تایبەت بە توێژینەوە و هەزرە لە واشنتۆن - لەسەر ئاستی جیهاندا درێخیکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان شتێکی تازە نیە، بە درێژایی چوار دەیەی شەڕی سارد ، نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت بووە ، ئەگەرچیش ئەم ململانێیە نەبووە جەنگێکی راستەقینە ، هۆکارەکەش بۆ هێز و حیکمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناگەڕێتەوە ، بەڵکو چەکی ئەتۆمی و هاوسەنگی هێزەکان بووە رێگر و گوشاری زۆری خستە سەر هەڵوێستی هەردوولای پێشبڕکێکار. تەنانەت ئەو کاتەش کە بۆ یەکەم جار نەتەوە یەکگرتووەکان ویستی رێ لە ئەگەری هێرشێکی ئەتۆمی کۆریای باکور لە دژی کۆریای باشوور بگرێ و بۆ ئەو مەبەستەش بەنیازی پێکهێنانی هێزێکی نێودەوڵەتی بوو ، بەڵام بەهۆی ڤیتۆی سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی ئەمەش بکات.

تاکە هەڵوێردەیەک

لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ، گەشبینان بەهیوا بوون نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی زیاتر بگێڕێ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ، بە تایبەتی کاتێك ساڵی 1990 زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆبوونەوە و بۆ ئەوەی رووبەڕووی داگیرکاریی رژێمی سەدام ببنەوە کە کوێتی داگیر کردبوو، بەمەش جەنگی کەنداو بوو بە تاکە حالەتێك کە نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی سەرەکی تێدا ببینێ ، ئەو کاتەش پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و چین و سۆڤیەت تا رادەیەك باش بوون و سەدام حوسێنیش دوای هێرشەکەی بۆ سەر کوێت کەوتبووە ژێر رقی جیهان. لەو کاتەوە بارودۆخێکی لەم جۆرە دووبارە نەبۆتەوە و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش رووبان لە داڕمان کرد و ورده وردەش نەتەوە یەکگرتووەکان لە رووداوەکان دوور کەوتەوە ، ئەوە بوو لە شەڕی بەلکاندا رووسیای میراتگری سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئاسایش رێگریی لە هەر کارێکی یەکگرتوو کرد لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان بێ کە بێتە مایەی وەستاندنی خوێنڕشتن، هەروەها ساڵی 2014 کاتێك رووسیا نیمچە دوورگەی کرێمیای بە نایاسایی داگیر کرد ، ڤیتۆی رووسیا نەیهێشت نەتەوە یەکگرتووەکان جولەیەك بکات.

شکستی دیکە

دوور لە شەڕوشۆڕ ، نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانی رێگە لە رووداندی جینۆسایدی ساڵی 1994 بگرێ لە ڕواندا ، ئینجا دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر رووداوەکەدا ئەنجومەنی گشتی بڕیاری دا کە جارێکی دیکە رێگە بە دووبارەبوونەوەی رووداوی وا ناداتەوە. هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییشدا ئەو رێکخراوە نەیتوانی ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ ڕێگرتن لە بەردەمی وەستاندنی چەندین ململانێی ناوچەیی و جەنگی خوێناوی لە سوریا و لیبیا و چەندین ناوچەی دیکەی جیهان کە بوونە هۆی کوژران و بێندارببوونی دەیان هەزار کەسی سڤیل.

ڤیرای هەموو شتێك

ئەوەی باسی کرا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکخراوێکی بێ سوودە ، بەڵکو وەم مینبەرێك وایە بۆ دابینکردنی گفتوگۆ و مشتومڕ و لێکتێگەیشتن لە نێوان وڵاتاندا ، ئینجا چ بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە کێشە گرگرتووەکان یان کارکردن لەپێناوی هێورکردنەوەیان، هەروەها ئاژانسەکانی سەر بەم رێکخراوە رۆڵێکی کاریگەریان گێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهان ، لەوانە چاودێریکردنی دامەزراوە ئەتۆمیەکان و ناردنی هێزە ئاشتیپارێزەکان و پاراستنی سیستمی زۆر لە وڵاتان. بەڵام ئەوەی لەو نێوەندەدا بۆتە مایەی سەرهەڵدانی جۆرێك رەشبینی ، بوونی ململانێیە لە نێوان وڵاتانی زلهێز و ناچارکردنی وڵاتانی دیکەیە لە دەستبەردار ببوون لە ئازادی هەڵسوکەوت و کارکردن لەناو چوارچێوەیەکی بەکۆمەڵ.



چاکسازیی لە ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی گشتیدا

چاودێران پێیان وایە ئەنجامدانی چاکسازیی بنەڕەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بژاردەیەکی واقیعیانە نیە ، چونکە ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاریەك لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەبێتە هۆی دابەشبوونی هێز بەسەر ژمارەیەك وڵات و زەرەرمەندبوونی وڵاتانی تر . سەبارەت بە ئەنجومەنی گشتیش کە دیموکراسی زیاتری پێوە دیارە ، دەکرێ بڵێین رێکخراوێکی بێ دەسەڵات و ناکاریگەرە. زۆر لە شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان وای بۆ دەچن کە ئەنجومەنی گشتیش پێویستی بە چاکسازیی هەیە و ئێستا زۆربەی هەوڵەکان بە ئاراستەی ئەوەن کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی گشتی زیاتر بکەن لە ئەنجومەنی ئاسایش ، بەمەش پرۆسەی دامەزراندنی بەرێوەبەرە جێبەجێکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان شەفافتر دەبێ، بەڵام تا ئێستا ناکۆکی زۆر لەو بارەوە هەن ، بە تایبەتیش لە نێوان وڵاتانی گەشەکردوو کە دەخوازن لە گفتوگۆکاندا دەنگی بەهێزی جارانیان بمێنێ .

کورۆنا زۆر شتی ئاشکرا کرد

لە راستیدا سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کورۆنا قەبارەی ئەو کێشانەی ئاشکرا کرد کە رووبەڕووی جیهان دەبنەوە ، هەر لە دۆسیەی تەندروستی گشتیەوە بگرە تا دەگاتە گۆڕانی کەشوهەوا و ئاسایش و سەقامگیرییدارایی و گەشەکردن و تیرۆر و لاوازیی شێوازی بەرێوەبردن. دەکرێ بڵێین ئەم درزە بەر لە سەرهەڵدانی ئەم پەتایە فراوان بوو ، بەڵام لەسەرەتای 2020 درزەکە فراوانتر بوو.

ئەلتەرناتیڤی دیکە

ریچارد هاسی بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی پلانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش دەڵێ : ئێستا جیهان تەنیا گەشەکردنی ئاستی ململانێی نێوان وڵاتانی زلهێز بەخۆیەوە نابینێ ، بەڵکو گرفتی دیکەی زۆر هەن لەوانە دەرد و پەتا و گۆڕانی کەشوهەوا و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و تیرۆر ، بەتەنیا دەوڵەتێکیش ناتوانێ رووبەڕوویان ببێتەوە . لەو نێوەندەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان دووچاری کێشە بۆتەوە بۆیە ئەلتەناتیڤی وەك گرووپی حەوت وڵاتی گەورەی پیشەسازیی یان گرووپی 20 دەتوانن گفتوگۆ بکەن و سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە رێك بکەون .



گرتووە، هەروەها رێکخراوی تەندروستی جیهانیش نەیتوانی رۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینێ. بەمەش دەرکەوت کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رێکخراوە نیە کە جیهان پێویستی پێیەتی.



بانگەوازی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ سنووردارکردنی فرۆشتنی چەک بە سعوودیە و ئیمارات

بەهۆی کوشتنی جەمال خاشقجی و جەنگی یەمەنەوە، پەرلەمانی ئەورووپا داوای لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا کرد، فرۆشتنی چەك بە سعوودیە و ئیمارات سنووردار بکەن. ئەو پێشنیازە بڕیارانەی لەبارەی هەناردەکردنی چەك لە پەرلەمانی ئەورووپا ئامادەکرابوو لە دانیشتنەکەی دوێنێدا پەسەندکرا. لەو پێشنیازەدا کە ئەمڕۆ ئەنجامەکانی راگەیەندرا و پەسەندکرا، بەپێی زانیارییەکانی پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتیی نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم (SIPRI)، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا ریزبەندی دووەمیان گرتووە لە فرۆشیارانی زۆرترین چەك بە سعوودیە و ئیمارات.لەپێشنیازەکەدا ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەبیرهێنراوەتەوە لەبارەی ئەو تاوانانەی جەنگ کە لایەنە شەڕکەرەکان لە یەمەن ئەنجامیانداوە و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بڕیاری بەلجیکا، دانمارك، فینلاند، ئەڵمانیا، یۆنان، ئیتاڵیا و هۆڵەندا کراوە بۆ سنووردارکردنی فرۆشتنی چەك بە وڵاتانی ئەندام لەو هاوپەیمانییەی کە سعوودیە رابەرایەتی دەکات. هەروەها لە پێشنیازەکەدا داواکراوە فرۆشتنی هەر تەکنەلۆجیایەك بە میسر، بەحرێن، سعوودیە، ئیمارات و ڤیێتنام راگرن کە لەناوخۆی وڵات کارئاسانی دەکات لە جێبەجێکردنی گوشاردا.




لە هەموو ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا دەکات کە خۆیان بەدوور بگرن لە فرۆشتنی چەك و هەر پێداویستییەکی سەربازیی بە سعوودیە، ئیمارات و ئەندامانی هاوپەیمانی عەرەبی (بە رابەرایەتی سعوودیە)، هەروەها حکوومەتی یەمەن و لایەنە شەڕکەرەکانی دیکە». هەروەها هاتووە «پەرلەمان داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات چاو لە نموونەکانی ئەڵمانیا، فینلاند و دانمارك بکەن کە دوای کۆژرانی رۆژنامەنووس جەمال خاشقجی بڕیاری سنووردارکردنی فرۆشتنی چەکیان دا بە سعوودیە.هەروەها لە پێشنیازەکەدا داواکراوە فرۆشتنی هەر تەکنەلۆجیایەك بە میسر، بەحرێن، سعوودیە، ئیمارات و ڤیێتنام راگرن کە لەناوخۆی وڵات کارئاسانی دەکات لە جێبەجێکردنی گوشاردا.

مانشێت

ئیندیپێندێنت:

وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە مانگی نۆڤەمبەر، پادشای ئوردن ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە.



ئۆبزێرڤەر:

دوای روودانی شەڕ لە ناوچەی قەرەباخ ، سەرۆکی ئەرمینیا حالەتی شەڕی لە دژی ئازەربایجان راگەیاند و هەزاران کەسیش رووبان کردە بەرەکانی شەڕ.



دۆیچە ڤیلە:

بە مەبەستی دەنگدان لەسەر ئازادیی هاتوچۆی خەڵك لە نێوان وڵاتەکەیان و خەڵکی وڵاتانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا، سویسریەکان راپرسیەکیان ئەنجام دا و رووبان کردە سندوقی دەنگدان.



سکای نیوز:

لە یانەیەکی شەوانەی شاری جواناخواتو لە ناوەڕاستی مەکسیك شەڕ لە نێوان دوو گرووپ بەرپا بوو و لە ئەنجامدا 11 کەس گیانیان لەدەست دا.



یۆرۆ نیوز:

یەکێتیی ئەورووپا و بانکی نێودەوڵەتی 188 ملیۆن دۆلاریان بۆ یارمەتیدانی هەژارانی سودان تەرخان کرد.



کەنالی ئار تی:

پەکین روفاتی 117 سەربازی لە کۆریای باشوور وەرگرتەوە کە لە ماوەی شەڕی کۆریا 1950 – 1953 کوژرابوون.


ڕێکخراوی جیانی گەشتوگوزار و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوندەکان دەخەنە بەرنامەی کاری پەرەپێدان

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار لە 27ی ئەیلول ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار لە بەیاننامەیەکدا باسی زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی 2020 بۆسەر کەرتی گەشتیاری دەکات، ئاماژەی بەوەی داوە کە زۆرترین زیان بە ئافرەتان و دانیشتوانی لادێ و شوێنە کولتووریەکان کەوتووە، کە بۆتە هۆی لە دەستدانی کارەکانیان، بۆ دابینکردنەوەی هەڵی کار و گرنگیدان بە لادێکان دروشمی گەشتوگوزار و پەرەپێدانی گوندەکانی بۆ ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار لە ساڵی 2020 هەڵبژاردبوو، کە ئامانجی سەرەکی بۆ ئەم دروشمە بەهێزکردنی گەشتیاری ناوخۆیی و دابینکردنەوەی هەڵی کارە. لە پلانی ساڵی 2020 دەستەی گشتی گەشتوگوزار کە لە مانگی یەک ڕاگەیندرا، یەکێک لە چالاکییەکان کە کراوەتە پلان، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گوندەکانی هەرێمی کوردستانە، لە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار هەریەک لە ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار و دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە لای خۆیەوە لە ڕێگای گەشتوگوزار گرنگی بە پەرەپێدانی گوندەکان دەدات، دەستەی گەشتوگوزار هەرێم لەبەیاننامەیەدا ئەمە و چەندان لایەنی تری ئیستای گەشتوگوزاری جیهان و هەرێمی کوردستانی خستۆتەڕوو، بۆیە دەقی بەیاننامەکە بڵاودەکەینەوە:

بەیاننامەی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار

لە ئەمڕۆی جیهاندا گەشتوگوزار وەک پێویستییەکی گرنگی مرۆڤ و بنەمایەکی بەهێزی ئابووری و پیشەسازییەکی سەردەمیانە هەژمار دەکرێ، بۆیە پیشەسازی گەشتوگوزار یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی جیهان، ڕۆڵێکی گرنگی لە جوڵەی بازاڕەکان و بەهێزکردنی ئابووری هەیە، پێگەی جیاوازی لە جوڵەی ئابووری و داهاتی زۆربەی وڵاتانی جیهان داگیرکردووە، ساڵانە زیاتر لە یەک ملیار و 400 ملیۆن گەشتیار بە جیهاندا گەشت دەکەن، زیاتر لە یەک تریلیۆن و 400 دۆلار داهاتی بۆ جیهان هەیە، کە بە ڕێژەی 11% ئابووری جیهان پێک دەهێنێت، زیاتر لە 300 ملیۆن هەڵی کار لە جیهان دابین دەکات، گرنگی دان بە ژیان و گوزەران و دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر لە یەک ملیار مرۆڤ (گەشتیار) بۆتە ئەرکی سەرجەم داموودەزگاکانی گەشتیاری و بابەتێکی سەردەمیانەی جیهان.

ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی 1979 بڕیاری یادکردنەوەی ساڵانەی دا، لە ساڵی 1980 تاکو ئەمڕۆ، هەموو ساڵێك لە 9/27 ئەم یادە بە لۆگۆ و بە دروشمی جیاواز لە پێناو چەند ئامانجێك کە خزمەتی پەرەپێدانی گەشتیاری دەکات بەڕێوەدەچێت و بۆتە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار، کە ئامانجی سەرەکی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاریە. سەرەڕای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و وەستاندنی کەرتی گەشتیاری، کە بۆتە هۆی زیانێکی زۆر بۆ کەرتەکە و لە دەستدانی 120 ملیۆن هەڵی کار لە جیهان و وەستانی جوڵەی گەشتیاری بۆ ماوەی چەند مانگێك، بەڵام جاریکی تر کەرتی گەشتیاری جوڵەی تێکەوتۆتەوە و بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی ناوە. بۆ گرنگی دان بە گۆندەکان و گەشتیاری ناوخۆیی، ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار ئەم ساڵ بە دروشمی (گەشتوگوزار و پەرەپێدانی لادێ) ئەم یادە دەکاتەوە، بەو ئامانجەی بتوانێ بووژانەوەیەك بخاتە لادێکان و گەشتی ناوخۆی گەشە پێبدات، کە بۆ سەردەمی کۆرۆنا بە یەکێك لە بژاردە گرنگەکان دەزانێت.



چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستانیش گرنگی بە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار دەدرێت، چونکە ئەو پێشکەوتنەی گەشتوگوزاری جیهان بەخۆیەوە دەبینێت، لە ئیستادا هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش نییە، بۆیە دەمانەوێت لەم ڕۆژەدا ئەم پەیوەندیە بە هێزتر بکەین و سوود لە ئەزموونی گەشتیاری وڵاتان و ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی وەربگرین و زیاتر پەرە بەکەرتی گەشتیاری بدەین. دەستەی گشتی گەشتوگوزار پلانی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێ داڕشتووە و یەکێك لە چالاکییە سەرەکییەکانی پلانی 2020 دانرابوو، بۆیە لە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بەدروشمی (بە گەشتوگوزار گوندەکانمان دەبوژێنینەوە) گرنگی بەپەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێ دەدەین، کە هاودروشمە لەگەڵ گەشتوگوزاری جیهان.

ساڵانی ڕابردوو کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە خێرایی بەرەو پێش هەنگاوی ناوە، لە زیاد بوونی ژمارەی گەشتیاران و لە زیادبوونی شوێنە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، ئەمەش بەپێی پلانێکی ستراتیژی کە لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار دانراوە، مامەڵە لەگەڵ ئەم گەشەسەندن و پێشووەچونە دەکرێت، هەروەها ماستەرپلانی گەشتوگوزاری کوردستان لە ئێستادا دەست بەکارە و تاکو ساڵی 2025 پلانی بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری داڕشتووە. وەبەرهێنانی گەشتیاریش هەنگاوێکی دیکەی کارەکانمانە، بۆ ئەم مەبەستە هەماهەنگین لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، لە کۆی 1055 پڕۆژەی وەبەرهێنان کە بۆ ماوەی 10 ساڵ، لە ساڵی 2020 ڕاگەیندراون، 227 پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاری خراوەتە پلان. هەرچەندە لە ساڵی 2020 بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانی زۆر بەر کەرتی گەشتیاری کەوت، کە بۆ ماوەیەکی کاتی پاشەکشەی کرد، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە ئێستا شوێنە گەشتیارییەکان کراونەتەوە و جوڵەیەکی باش کەوتۆتە بەر کەرتی گەشتیاری و گەشتیاران لە شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوو لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێم دەکەن.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە، حکومەتی هەرێم لە کارنامەی کارکردنیدا گەشتوگوزاری لە ڕیزی کشتوکاڵ و پیشەسازی داناوە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕایدەگەیەنن سەرەڕای هەبوونی کەموکورتی لە کەرتی گەشتیاری، لە جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار بەردەوام دەبین، تاکو گەشتیاری دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات و کوردستان دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری پێشکەوتوو. لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانین لەم یادەدا پیرۆزبایی دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاراستەی گشت فەرمانبەر و کارمەندانی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بکەین و دەستخۆشی لە ڕاگەیاندنەکان و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت بکەین کە هەماهەنگ و هاوکارن بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار.

هەر شاد و سەرکەوتوبن

دەستەی گشتی گەشتوگوزار

2020/9/27

لە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار چەند چالاکییەک لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

٢٧ی ئەیلول ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بوو، هاوکات لەگەڵ چالاکییە جیهانییەکان کە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار بەڕێوەدەچێت، لە هەندێك وڵاتیش چالاکی جۆراوجۆر کرا، لە هەمان کاتدا لە هەرێمی کوردستان بەڕەچاوکردنی باردۆخی تەندروستی و خۆپارێزی چەند چالاکییەك بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بەڕێوەچوو، کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن:

١- ڕۆژی گەشتیاری لە سنووری پارێزگای هەولێر. هەڵمەتی پاك ڕاگرتنی ژینگە بەسەرپەرشتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێر لە لایەن پاریزگاری هەولێر لە سەرجەم شار و شارۆچکەکان ڕاگەیەندرا و بۆ ماوەی یەك هەفتە بەردەوام دەبێت، سەرەتای هەڵمەتەکە لەشاری هەولێر بە بەشداری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانی و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و ژمارەیەك بەرپرس دەست بە هەڵمەتەکە کرا. پارێزگاری هەولێر دکتۆر فەرسەت سۆفی گوتی: ئەگەر شارەکانمان پاك نەبن و سروشتمان سەوز نەبێت، گەشتیاران ڕوو لە شارەکانمان ناکەن، بۆیە لە ڕۆژی جیهانی گەشتیاری ئەم هەڵمەتەمان وەك هەڵمەتێکی وشیاری ڕاگەیاند و بەردەوام دەبین لەسەر کارەکانمان و کۆمەڵێك ڕێوشوێنی دیکەش بۆ ژینگەپارێزی دەگرینە بەر و سەرپێچی کاران سزا دەدەین.

٢- ڕۆژی گەشتیاری لە شاری سلێمانی. ڕێورەسمێك بۆ ئەم یادە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕێکخرا، لە ڕێوڕەسمەکەدا وتارێك لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزار عەلی ڕەوف خۆیندرایەوە کە ئاماژەی بە ئاماری زیانەکان و هاتنی گەشتیاران لە دوای کۆرۆنا کرد و گوتی: زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلار زیان بنکە گەشتیارییەکانی ئەم سنوورە کەوتووە و زیاتر لە 10 هەزار کەس بێکار بووە، بەڵام لە دوای کردنەوەی بازگەکان و هەڵگرتنی قەدەغەی هاتووچۆ، زیاتر لە 270 هەزار گەشتیار لە ماوەی مانگەکانی 8 و9 هاتۆتە سلێمانی و بۆتە هۆی بوژانەوەی ناوچەکە و شوێنە گەشتیارییەکان، دواتر وتاری هاوبەشی کۆمەڵەی کۆمپانیاکان و میوانخانە و چێشتخانەکان و گەشتوگوزارناسان خوێندرایەوە، دواتر ژمارەیەك چالاکوان و کەسایەتی کە ڕۆڵیان لە پێشخستنی گەشتوگوزار هەیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی خەڵات کران.

دواتر بەمەستی سەوزکردنی وڵات و پاکڕاگرتن و پاراستنی ژینگە، هەڵمەتێکی نەمام چاندبە هەمان بۆنەوە لە بەرزاییەکانی گوێژە ڕێکخرا.

٣- ڕۆژی گەشتیاری لە شاری دهۆك، بەم بۆنەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕاگەیاندنەکان لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆك عبیدالله داود لەسەر ڕەوشی ئێستای گەشتیاری دهۆك بەڕێوچوو، کە کۆمەڵێك ئامار و داتا لەسەر زیانەکانی کۆرۆنا بۆ سەر کەرتی گەشتیاری لەسنووری دهۆك خرانەڕوو و گوتی: مانگانە 10ملیار دینار زیان بە بنکەکانی گەشتیاری دهۆك کەوتووە، تاکو ئێستا 10هەزار کەس هەلی کاری لە دەست داوە. 85% ژمارەی گەشتیاران دابەزیوە و لە 50%ی داهاتی گەشتیاری کەم بووە و لە 50% زیادبوونی پرۆژە کەمبووە.

٤- ڕۆژی گەشتیاری لە سۆران، لەسەر ڕاسپاردەی پارێزگاری هەولێر و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، هەڵمەتێکی پاکردنەوە لە لایەن یەکە کارگێڕییەکان و گەشتوگوزاری سۆران بۆ هاوینەهەوارەکانی جوندیان و بێخاڵ وگەلی عەلی بەگ و چەند ناوچەیەکی تری گەشتیاری بە هەماهەنگی پاپا گروپ بەڕێوەچوو.











راهێنەری گەورەترین یانەی شەترەنج لە جیهان بۆ خەبات دەدوێ

زوحا موعەلم: زیرەکی راهێنەر لەوەدایە چۆن وا لەو منداڵانە بکات کە شەترەنج بکاتە جێگرەوەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان



دیمانە: هاوار مورتکەیی

وڵاتی ئیمارات یەک لەو وڵاتانەیە کە بەم دواییە بایەخێکی زۆری بەیاری شەترەنج داوە و ناوە ناوە پاڵەوانێتییەکانی جیهان لەئامێز دەگرێت و چەندین یانەو پەیانگای تابەت بەشەترەجی هەیە و دیارترین ناوەکانی شەترەنجی جیهانیش راهێنەرایەتیان دەکات، گەورەترین یانەی شەترەنجی جیهانیش لەم وڵاتەیە کە یانەی شارقەیە، خاتوو زوحا عەدنان موعەلم راهێنەری ئەو یانەیە، لەهەمان کاتیش ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات لە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا و وێرای باس لەکاروانی وەرزشی خۆی، ئاماژەی بەو یانەیە و بایەخی ئەو وڵاتە بۆ شەترەنج داوە.

قۆناغە زێڕینەکان

زوحا عەدنان ئەلموعەلم ناوبژیوان و راهێنەری یانەی شارقەی ئیماراتی لە ساڵی 1971 لە شاری ئیدلب لە سوریا لە خێزانێکی شەترەنج دۆست لەدایک بووە، هەر لەوێش کۆلیژی مافی لە زانکۆی ئیدلب تەواو کردووە، لەهەمان کاتیش یاریزانی هەڵبژاردەی سوریا بووە لەچەند بۆنەیەکی نیودەوڵەتیدا، ئەو دەڵێت: لە ڕێگەی د. عدنان معلم کە باوکمە فێری ئەو یارییە بووم، ساڵی 1984 بۆ یەکەمین جار بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنجم کرد کە پاڵەوانێتی کۆماری بوو بۆ ئافرەتان، دواتر لەتەمەنی 13 ساڵی لە پێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردەی سوریا وەرگیرام، هەروەها لە یانەیە ئومییە لە ئیدلب یارییم دەکرد، لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم بەردەوام بووم تا ساڵی 1991 و لەچەندین پاڵەوانێتیدا لەناوخۆ و دەرەوە بەشداریان کرد، دواتر بۆ ماوەیەک بەهۆی بارودۆخێکی نەخوازراودا لەو یارییە دوورکەوتمەوە، بەڵام کاتێک چوومە ئیمارات لەوێ دەرفەت زۆر هاتنە پێش و کاتیکیش سەردانی یانەی شارقەم کرد، کە گەورەترین یانەیە لە جیهان، لەوێ ئەو شەرەفەیان پێدام کە ببمە راهێنەری تازەپێگەیشتووان، لەوێ دەرفەتی ئەوەشیان بۆ ڕەخساندم کە ناسناوی راهێنەر و ناوبژیوان بەدەست بهێنم ئەویش دوای بەشداری کردنی چەندین خول.

چۆن پەروەردەی منداڵان بکەین؟

ئەم خانمە راهێنەرە لەهەمان کاتیش نوینەری یەکێتی شەترەنجی ئیماراتە بۆ خوێندنی شەترەنج لە قوتابخانەکان زیاتر دەڵێت: بێگومان شەترەنج کاریگەری ئەرێنی زۆری بۆ سەر هەموان هەبووە، یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتن لە تەواوی بوارەکانی ژیان، بەتایبەتیش لە ڕووی زانستییەکەوە، کە پێویستی بەبیرکردنەوەی قوول هەیە، فێری دان بەخۆداگرتن و کۆششت دەکات، شەترەنج فەلسەفەیە و شێوازە ڕێڕەوی ژیانە، گومان لەوەشدا نییە کە فێرکردنی منداڵ لەتەمەنی چوار ساڵیدا هێندە ئاسان نییە، بەڵام ئەمە ئەرکی ڕاهێنەرە کە چۆن بتوانێت خۆشەویستی ئەو یارییە بخاتە ناو دڵ و هزری ئەو منداڵانەوە، هەروەها چۆن وا لەو منداڵانە بکات شەترەنج بکاتە جێگرەوەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام ئەمە زەحمەت نییە ئەگەر تەواوی تەکنیک و پێداویستییەکان لەبەر دەست بوون، بەتایبەتیش لەو پرۆگرامە شەترەنجیانەی کە چێژ دەبەخشنە منداڵان، دەبێ ئەو ڕاهێنەرە لەلایەن منداڵەکانەوە خۆشەویست بێت و هەوڵ بدات کە چی بوێت منداڵەکان بەگوێی بکەن، بەهەر شێوازێك بێت سەرنجیان بۆ لای یارییەکە ڕابکێشێت، بەتایبەتیش لەپێدانی پاداشتی مادەدی و لۆژیکی لەوکاتەی ئەو منداڵە کاریکی باش دەکات.

ئەوانەی هاوکاری بوون لە کۆتاییدا زوحا عەدنان موعەلم کە وەکو ڕاهێنەر و ناوبژیوان و کارگێڕی نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی سوریای کردووە گوتی: سوپاسی هەموو ئەمانە دەکەم کە هاوکارو پشتیوانم بوونە بەتایبەتیش باوك و ولاتی سوریا و یەکێتی شەترەنجی سوری، هەروەها سوپاسی ئیماراتی خۆشەویست و بەتایبەتی سوپاسی یەکێتی شەترەنجی ئیمارات دەکەم، کە لەگەڵیاندا کار دەکەم بۆ بڵاوبوونەوەی وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکان ئەمە جگە لە سوپاسێکی تایبەتی بۆ یانەی شارقە و شێخ سعود ئەلەعال کە سەرۆکی یانە و لەهەمان کاتیش سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عەرەبە.







بەختەوەرم راهێنەری گەورەترین یانەی شەترەنجم لە جیهان

وەکو راهێنەر و ناوبژیوان و کارگێڕی نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی سوریام لەچەندین بۆنەدا کردووە



26ی نۆڤێمبەر خولی کوردستان دەست پێدەکاتەوە

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە کۆبوونەوەی هەفتانەیدا، چارەنووسی خولی کوردستانی یەکلاکردەوە و واەی دەستپێکردنەوەی خولەکانیش دیاریکران، پاڵەوانی وەرزی ڕابردووش دیاریناکرێت و ڕیزبەندی خول جێگیرکرا.

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خولی کوردستان بوونە دوو بەرە، هەردوولا کۆبوونەوەیان ئەنجامداو بڕیاردرا پاڵەوان دیارینەکرێت، تەنیا ڕیزبەندی کۆتایی خولەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یانەی ئاراراتیش لە خولی نایابی کوردستاندا مایەوە.

بڕیاریشدرا ڕۆژی 26ی مانگی 11ی داهاتوو دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان دەبێت، خولی تازەپێگەیشتووانی نایابی کوردستان ڕۆژی 27ی 11 دەبێت هەروەها ڕۆژی 30ی 11 یارییەکانی خولی پلە یەك بەڕێوەدەچن، تەنها مەرجیش بۆ دەسپێکردنەوە ڕازیبوونی لایەنی پەیوەندیدارە بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکان.

لە فووتسالی کچانیشدا بڕیاردرا خولەکە ڕۆژی 13ی 11 بەڕێوەبچێت و هەر یانەیەکیش بیەوێت بەشداریبکات بەشداریکردنەکەی ئارەزوومەندانەیە.

لیستەر سیتی گواردیۆلای شەرمەزار کرد

دوای ئەوەی بۆیەکەم جار لە مێژووی ڕاهێنەرایەتیدا 5 گۆڵ لە یانەکەی دەکرێت، ڕاهێنەرە ئیسپانییەکە تووشی دۆڕانێکی ئابڕوبەرانەبوو.

دوای 323 یاری لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان، بۆ یەکەمجار پێپ گواردیۆلا لە نێو یاریگەی خۆی 5 گۆڵ لە تیپەکەی دەکرێت. دوای ئەوەی بە 5 گۆڵ بەرامبەر 2 گۆڵ بە لیستەر سیتی لەناو یاریگای ئیتحادی تایبەت بە یانەکەی لە گەڕی دووەمی پرێمەرلیگدا دۆڕا.

ئەو دۆڕانە بۆ گواردیۆلا یەکەم جارە لەمێژوودا و لە ڕابردوودا ڕووبەڕووبەداوە.

مانچستەر سیتی لە پرێمەرلیگدا دوو یاری ئەنجامداوە و بە دۆڕان و بردنەوەیەك 3 خاڵی کۆکردۆتەوە و لە ڕیزبەندی خولەکەدا لە پلەی 13 دێت.

ئینتەر بەهەر نرخێک بێت کانتی دەوێت

یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی دەیەوێت لە گۆڕینەوەیەکدا دوو یاریزانی یانەکەی بداتە چێلسی لەبەرامبەر گواستنەوەی کانتی.

وێبسایتی «کالچیۆ میریکاتۆ»ی ئیتاڵی باڵاوی کردۆتەوە، لەسەر داوای کۆنتی ڕاهێنەر یانەی ئینتەرمیلان ئامادەیە هەر یەك لە یاریزانان کریستیان ئیریکسن و مارسیلۆ برۆزۆڤیچ بداتە یانەی بلوزی لەندەنی لەبەرامبەر دەست بەرداربوون لە کانتی. ئینتەر میلان لە گواستنەوەکانی ڕابردوودا کۆمەڵێك یاریزانی ناوەڕاستکاری گواستۆتەوە ڕیزەکانی و بە ڕای چاودێرانیش ئینتەر پێویستی بەیاریزانی دیکەی ناوەڕاست نییە.

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
Tue. 29 Sep. 2020 No. (6013)


ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



مامۆستا کەمال نوری مەعروف سەلامەتییە

چەند ڕۆژێکە نووسەر و شارەزای مێژوو مامۆستا کەمال نوری مەعروف، بەهۆی پەتای کۆرۆنا لە شاری سلێمانی کەوتۆتە نەخۆشخانە، مامۆستا کەمال ساڵانێکی زۆرە لەبواری مێژوو دەنووسێت و چەندین کتێبی لەو بوارە چاپ کردووە، بەردەوام بابەتە مێژوویەکانی لە خەبات بڵاودەکاتەوە. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، هیوای زوو چاک بوونەوە و تێپەڕاندنی پەتاکە و تەندروستییەکی باشی بۆ دەخوازین.

خەبات



سلێمانی.. ڕەنگەکانی سەرەتای پایز لەپێشەنگایەك سەمایان کرد


بەرهەم شێخ عزەدین

بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بەوەکالەت و چەندین هونەرمەند و کەسایەتی و میوانان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕێکخراوی شار بۆ گەشەپێدانی مرۆیی ، پێشانگایەکی هاوبەشی شێوەکاری بۆ 48 هونەرمەند و شێوەکاری شاری سلێمانی لەژێر ناو نیشانی «ڕەنگەکانی سەرەتای پایز» کردەوە .

پێشانگاکە زیاتر لە 100 کاری هونەری شێوەکاری لە خۆ گرتبوو کەبەرهەمی 48 هونەرمەند و شێوەکار بوو.

داناجەمال سەرۆکی ڕێکخراو بەخەباتی گوت:وەک سوپاس گوزاریەک بۆ بەشداربوان لە لایەن ریکخراوی شار بۆ گەشەپیدانی مرۆیی سوپاسنامەی ریکخراومان پێشکەش بەهونەرمەندانی بەشدار بووی پێشەنگاکە کرد .سەرۆکی ئەوڕێکخراوە زیاتر گوتی:یەمانج لەم جۆرە پیشانگایانە هاندان و بایەخدان و پەردانە بە هونەرمەندانی شێوەکاری و لەو ڕێگایەشەوە چاوی بینەر تێز بکرێت لە ڕەنگەکان، ئەم جۆرە پیشانگایانە لە لایەن ریکخراوی ناوبراو لەرابردوو زۆر بوە و کار بۆ یاینەدەش دەکەن و بەردەوام دەبن لەسەرجەم شارەکان پێشانگا بکەنەوە.





زەکەریا ڕەزا:

لە هیچ کارێکی خۆم پەشیمان نیم

دیانە / هەمزە سەرحان

وێنەگر زەکەریا ڕەزا قادر لەدایک بووی ساڵی 1983 هەولێرە هاوسەرگیری کردووەو خاوەنی دوو کوڕو دوو گچە و لە سەرەتای ساڵی 1998 دەستی داوەتە کامیراو خەریکی کاری وێنەگرتنە .

وەک خۆی دەڵێت سەرەتا لە بۆنە تایبەتیەکان و یاهەنگەکانەوە دەستم بەکاری وێنەگرتن کرد .

هەروەها یەکەم کاری هونەری لە ساڵی 2000 بووە کە کاری وێنە گرتنی شانۆیەک بوە بەناوی ناوچەوان سیانزە، زەکەریا ڕەزا لە ساڵی 2003 لە کوردستان تیڤی کاری وێنەگری کردووە ، پاشان لە ساڵی 2008 وە تاوەکو ئێستا لە تەلەفزیۆنی قەڵات کاردەکات .

زەکەریا زۆر حەزی لە وێنە گرتنی سروشتی جوانی کوردستانە ، ئەو دەڵێت لە هیچ کارێکی خۆم لە ئێستاو ڕابردوودا پەشیمانیم چونکە بەدڵ و گیان کاری وێنەگرتن دەکەم.

زەکەریا دەڵێت: حەزناکەم کوڕەکانم لەداهاتوودا کارەکەی من نکەن . ئەوان یازادن هەرکارێکی تری هونەری بکەن تەنها وێنەگری نەبێت.

زەکەریا تا ئێستا زیاتر کاری لە حەفتا (٧٠) کلیپ کردووە بۆ هونەرمەندانی کوردستان وچەندین زنجیرەو درامای وێنەگرتووە لەگەڵ چەندین کاری دەرهێنان بۆ ئەو تیڤیانەی کاری بۆ کردوون هەروەها بەرنامەی هونەری و سیاسی.

زەکەریا دەڵێت: من خۆم بەقەرزاری مامۆستا کامەران جەرجیس دەزانم ئەو یەکەم مامۆستای من بووە و لە سەر دەستی ئەو بەڕێزە فێری کاری وێنەگری بووم.

وەمنیش زۆر کەسم فێری کاری وێنەگری کردووە ئێستا وێنەگری دیارو بەرچاون ، بەڵام داخی گرانم کاتێ پرسیاریان لێدەکرێت بەهیچ جۆرێک ناوی من ناهێنن و دەڵێن خۆمان فێری ئەم کارەبوین.

لەکۆتاییدا زەکەریای وێنەگر دەڵێت: هونەری وێنەگرتن لەم ڕۆژگارەدا زۆر سەختە ، هەرکەسەو هەڵدەستێت وێنەدەگرێت و کامیرا بەدەستەوە دەگرێت، مەرج نییە ئەوەی کامیرای گرتە دەست وێنەگری باشبێت . هەیانە تەنها بۆ تۆزەکۆمەڵایەتییەکان کاردەکات ، پێم وایە هەموکەس دەتوانێت ڕێکۆردێک بکات لە کامیرا بەداخەوە زۆربەیان ئەوانەی کەدەیانبینم کە لەم بوارەدا کاردەکەن بەداخەوە نە دەتوانن دیمەنێکی جیاواز یان تێکێکی باش وەربگرن لە دیمەنەکە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ زۆر هەزلییە. هەندێ کەس کارەکەیان زۆر سووک کردووە.



ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ دایکان و باوکانی ئازیز



ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ دایکان و باوکانی ئازیز